دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٧١٥، پێنجشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٦ی هەتاوی، ٢١ی دێسامبری ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com






پەیامی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێموکرات... ٤



فەلسەفەی حەق و یەکپارچەیی هەرێمی ٥



دوکتور قاسملوو، بزاڤی ڕاسیۆنالیزمی سیاسی ... ٧



هۆکاری سەرەکی ناسەقامگیری و شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی... ١٠

# پێشمەرگە چاوگەی هیوای گەلە



بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێوڕەسمێکی تایبەت بەو ڕۆژە بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٥ی سەرماوەزی ١٣٩٦ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، بە بەشداریی بەڕێز "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات، ئەندامانی ڕێبەری، کادر، پێشمەرگە و ئەندامان و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەستیی کوردستان بە تایبەت شەهیدانی ڕاسان، دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە لایەن "ڕۆستەم جەهانگیری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، پێشکەش بە ئامادەبووانی ئەم ڕێوڕەسمە کرا.

جەهانگیری لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە: " ئەمڕۆ، ٢٦ی سەرماوەز لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد دا، ڕۆژێکی گرینگ و دەستپێکی وەرچەرخانێکی مێژووییە. ٧٢ ساڵ لەمەوبەر لە وەها ڕۆژێکدا، واتە لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩٤٥ی زایینی بوو کە خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری مهاباد، بۆ ڕاماڵینی دامودەزگای داپڵۆسێنەری دەسەڵاتدار هێرشیان کردە سەر دوابنکەی ستەم، واتە شارەوانیی شار وئاسەواری ستەمیان لەو دەڤەرەی کوردستان تێکەوەپێچا و ئاڵای کوردستانیان لێ هەڵکرد. ناوبراو لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا ئاماژەی بەوە دا کە: " ئەگەر چەمکی پێشمەرگە هەر تەنیا ناوێك، چەکێك، جلوبەرگێکی لەشکری و قەتارەیەکی فیشەك و تەقەمەنی بوایە، بێگومان ئێستا ڕیزەکانی پێشمەرگە بەئەژمار نەدەهاتن. بەڵام پێشمەرگە تەنیا چەکهەڵگرێکی بەڕێوەبەری هەر فەرمانێك نییە؛ پێشمەرگە پێشەنگی خەبات بۆ ژیانێکی باشتر بۆ نەتەوەکەیەتی، واتە هاوکات لەگەڵ هەڵگرتنی چەك، هەڵگری بیر و باوەڕێکی مرۆڤدۆستانەی سیاسییە کە بۆ نرخە بەرزەکانی مرۆڤایەتی، وەك یەکسانی، مافەکانی مرۆڤ، مافی تاك و کۆمەڵ بۆ ژیانێکی شایان، بە دوور لە چەوسانەوە و هەڵاواردن تێدەکۆشێ.

بەوتەی ناوبراو، هەر کام لەو نرخانە، پێکهێنەری قەوارەیەکی هزری و سیاسین کە فەلسەفەی هەبوون و ژیانی پێشمەرگە، لە هەبوون و ژیانی باقی هێزە چەکدارەکانی بەڕێوەبەری هەر فەرمانێك جیا دەکاتەوە.

پێشمەرگە هەڵگری فەلسەفەی ژیانێکی ئازاد و یەکسانە؛ ڕوانگەی پێشمەرگە بۆ مرۆڤایەتی، ماف، ژیان و ئازادی بە تەواوی لە ڕوانگەی هەڵگرانی فەلسەفەی بەرژەوەندیخواز، داخراو، وشکەڕۆ و کۆنەپارێز جیاوازە؛ بۆ پێشمەرگە هەموو مرۆڤێك خاوەنی هەر ڕەنگ، زایەند، دین، کولتوور، زمان یان هەڵگری هەر بیروڕایەکی سیاسی، فیکری یا ئایینی بێ، هیچ جیاوازییەکی نییە".

لە پاش قسەکانی جەهانگیری، سروودێکی شۆڕشگێڕانە لەژێر ناوی "ئێمە پێشمەرگەین"، لە لایەن کۆڕی موزیکی حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش کرا.

لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا، پەخشانێک لە لایەن شاعیری پێشمەرگە " هیوا میرزایی" لەژێر ناوی "وەرزی ڕاسان" خوێندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا سرودێک لەژێر ناوی "نە کۆڵەدەرم من" لە لایەن منداڵانی ناوەندی نێرگزەوە پێشکەش کرا.

هەروەها بەو بۆنەوە پەیامی ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و خوێندکاران لە لایەن "سەلام ئیسماعیل پوور" ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا.

بەپێی نەریتی هەر ساڵێک، لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا ئەو پێشمەرگانەی کە ماوەی ٢٠ ساڵە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا خەبات دەکەن، لە لایەن ڕێزدار "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا.

"سەلیم پوورخۆسرەوی، شەهاب خالیدی و کاوە سدقی" ئەو پێشمەرگانە بوون کە ماوەی ٢٠ ساڵە لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە خەبات و تێکۆشان بەردەوامن و لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا، ڕێز لە خەبات و خۆڕاگریان گیرا.

پاشان خاتوو "ڕازیە شیری" پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە گۆرانییەکی لەژێر ناوی "وڵاتێ مە کوردستانە" پێشکەش کرد.

لە کۆتاییشدا هونەرمەند "غوڵام فاتحی" سرودێکی لەژێر ناوی "کوردستانەکەم" پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

**خوێنەرانی خۆشەویستی "کوردستان"، دەقی پەیامی کۆمیسیۆنی سیاسی – نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لەم ڕێوڕەسمەدا لەلایەن بەڕێز ڕۆستەم جەهانگیرییەوە خوێندرایەوە لەم ژمارەی "کوردستان"دا دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.**

## پەیڤ

**» یەڵدا و ڕاسان**

**کەریم پەرویزی**

وێکچوونێکی زۆر لە نێوان ئۆستوورەی یەڵدا و هزری ڕاساندا هەیە کە ڕەنگە شۆڕش و سەرهەڵدان لە نێو بیر و بڕوای نەتەوەی کورددا لەو ڕەگانەوە تێراو ببن کە لە چوارچێوەی تێڕوانینی مێژووی کەلتووری، بەرامبەر بە جیهان و ژیانەوە سەرچاوە دەگرن.

شەوی یەڵدا، یان لە کوردەواریدا کە بە شەوچلە دەناسرێ، گەر لە پێناسە سروشتییەکەی گەڕێین کە گۆڕانە لە سرووشتدا و کورتی و درێژیی شەو و ڕۆژ، گۆڕانیان بەسەردا دێ، لە کەلتووری خەڵکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە شەوێکی گرنگ دەناسرێ، کە لە کۆنترین بڕواکانی خەڵکانی ڕەسەنی مێزۆپۆتامیا و زاگرۆسنشینانەوە سەرچاوە دەگرێ.

لە بیرکردنەوەی زاگرۆسنشیناندا کە کوردان خاوەنی ڕاستەقینەی هەمان میراتی کەلتووری و مێژوویی و ڕەگەزین، لە درێژترین شەوی ساڵدا شەڕێکی قورس و ململانێیەکی توند لە نێوان تاریکی و ڕووناکیدا ڕوودەدا و لە دوای ئەو شەوە لە نێو ئەشکەوتێکەوە میترا دێتە ژیان و لە نێو ئەشکەوتە تاریکەکەوە سەر دەردێنێ و ئاوەدانی و ژیان بۆ جیهان دێنێ.

ئەمە چرا و مەشخەڵی هاندەر و هیوابەخشی خەڵکی ناوچە و بەتایبەت کورد بووە کە لە دوای هەر بێدەنگییەکی درێژخایەن، هەر تاریکییەکی چڕ و ئەنگوستەچاو، لە دوای هەر تەنگەتاوییەکی مێژووییەوە؛ سروودی سەرکەوتن، ڕووناکی و ئازادی و هیوا لەدایک دەبێ.

شەوی یەڵدا کە لە ئۆستوورە و کۆنەستی مێژووی گەلێکدا بۆتە هەنبانەی مانابەخشین و مانازایی، لە ڕەوتی مێژوودا لەگەڵ ڕووداوی دیکەش تێکەڵ بووە و هەمووکات ماناکانی پڕبایەختر و قورستر بووە.

لە برگەیەکی هەستیاری مێژووی کورددا، ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی، ١٩٣٠ زایینی، لە هاویندا شۆڕشی کورد تێک دەچێ و ڕێبەری شۆڕش، کە ڕێبەری بزاڤێکی نەتەوەیی بووە بە تیری خەیانەت و درۆ شەهید دەکرێ؛ دوای شەهیدبوونی سمکۆی شکاک، کوردستان دەکەوێتە ژێر تەمی خەم و بارقورسیی خەیانەت و بێدەنگییەکی تاڵ و بریندارکەر باڵ بەسەر کورددا دەکێشێ.

لە وەها کاتێکدایە کە میترایەکی دیکە، دووبارە لەدایک دەبێتەوە؛ ڕێک لە شەوی یەڵدادا، جوانخاس و جوامێری کوردان، کەسێک لە ڕەگەزی میترا و خۆر، قاسملووی ڕێبەری شۆڕش و شۆڕشگێڕی و مانابەخش بە ژیان و

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوەچوو




بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە ناوەندیی ٣ی کوردستان، بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوەچوو.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٦ی هەتاوی، بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و بنەماڵەکانیان، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بۆ ڕێزگرتن لە ٢٦ی سەرماوەز، لە ناوەندیی ٣ی کوردستان بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان بەڕێز "ئیدریس هۆرمۆزی" ئەندامی بەڕێوەبەریی ناوەندیی ٣، پەیامی تایبەتی ناوەند بۆ ئەم ڕێوڕەسمەی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

دواتر سرودی "پێشمەرگە تۆ سەنگەری" لەلایەن کۆڕی موزیکی ناوەندیی ٣وە پێشکەش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی یەکیەتییەکانیی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەلایەن خاتوو "زەکیە سدقی"، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان لە ناوەندیی ٣ی کوردستان پێشکەش کرا.

پاشان شێعرێکی پێشمەرگانە، لەلایەن شاعێری پێشمەرگە، مامۆستا بێبەش و هەروەها هەڵبەستێک بەناوی " ژ بۆ دۆزێ" لەلایەن حیکمەت نەبیزادەوە خوێندرانەوە.

دوای نمایش کردنی تابلۆیەکی هەڵپەڕکێ لەلایەن گرووپی هەڵپەڕکێی ئاسۆ، بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە بە شایی و دیلان کۆتاییان بە ڕێوڕەسمەکە هێنا.

# شاخ پەیامی پیرۆزبایی ڕۆژی پێشمەرگەی ئاراستەی شار کرد



ڕێوڕەسمی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە لایەن هێزی تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە چیاکانی کوردستان بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە چیاکانی کوردستان بە بەشداری بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، فەرماندە نیزامی و سیاسییەکانی هێزی تایبەت، کادر و پێشمەرگەی هێزی تایبەت و میوانان بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان "ڕەحیم مەنگووڕی" فەرماندەی هێزی تایبەتی حیزبی دێموکرات لە چیاکانی کوردستان وێڕای بەخێرهاتنی میوانان بۆ ئەو ڕێوڕەسمە، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانی لە سەرجەم ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان پیرۆزبایی کرد.

مەنگووڕی لە بەشێکی قسەکانیدا ڕایگەیاند: "گەلێک هێزی هەبێ لەشکان نەهاتووە، هێزێکیش کە گەلی هەبێ لە کۆتاییدا سەرکەتوو دەبێ، پشتیوانی هەر دووکیشیان ئەو شاخ و کێوانەن".

دواتر "تەیموور مستەفایی" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

مستەفایی ڕایگەیاند: "لێرە کۆ بووینەتەوە تا لەم ڕۆژە مێژووییەدا ڕێز لە پێشمەرگەی خەباتکاری ڕێگای ئازادی، ڕۆڵەی فیداکار و داکۆکیکاری گەل و خاکی نیشتمان بگرین. ئەگەر بە هۆی لە خۆبردوویی و بەرگریی هێزی پێشمەرگە لە نیشتمانەکەماندا نەبوایە ئێستا بە تەواوی ئاسێمیلە کرابووین، نیشتمانەکەشمان بۆ هەمیشە دەکەوتە ژێر پۆستاڵی ڕەشی داگیرکەرەوە و هیچ هیوایەک بۆ ڕزگاری تێیدا بەدی نەدەکرا".

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد: "ڕێژیمی کۆنەپەرەست و داگیرکەر بۆ ناهومێدکردنی خەڵکی کوردستان هەلپەرەستانە وای نیشان داوە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کۆتاییان هاتووە، جێگای داخ ئەوەیە کە تەنانەت دۆستەکانیشمان کە ئەم هەنگاوە بەرپرسیارانەیەی حیزبی ئێمە زۆرتر بۆ لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئەوان هەڵگیراوە؛ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و بزووتنەوە و هیزی پێشمەرگەی ئەو بەشەیان بە لاواز لە قەڵەم داوە. لە لایەکی دیکەوە هەبوون و هەن ئەو کەسانەش کە خەباتی پێشمەرگەیان کردووەتە هۆکاری پاساوهێنانەوە بۆ سەرکوتەکانی ڕێژیم و وایان تەبلیغ دەکرد کە ئەگەر خەباتی هێزی پێشمەرگە نەبێ، ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی ئاوڕ لە کوردستان دەداتەوە و کوردستان دەبووژێنێتەوە، بێکاریی خەڵک چارەسەر دەکرێ و کوردستان ئاوەدان دەبێتەوە".

مستەفایی هەروەها باسی لەوە کرد: "ڕاگرتنی خەباتی چەکداری لەم ماوە درێژەدا بەس بووە بۆ ئەوەیکە ئەم تاقمە تێبگەن کە ڕێژیم نە تەنیا کوردستانی ئاوەدان نەکردووەتەوە، بەڵکوو بە پلانی ورد و پرتێچوو و بەربڵاو دەستی داوەتە سڕینەی شوناسی نەتەوەیی و فەرهەنگیی کورد و لە باتی ئاوەدانی و دابینکردنی کار، زیاتر لە پێشوو کوردستانی کردووەتە ئامانج و خەڵکی بەرەو هەژاریی زیاتر بردووە".

پاشان کۆڕی سروودی "ڕاسان"ی هێزی تایبەت گۆرانییەکی لەژێر ناوی "ڕۆژت پیرۆز بێ پێشمەرگە" پێشکەش بە میوانان کرد.

دواتر خاتوو "گوڵباخ بەهرامی" بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە شێعرێکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا "ڕۆستەم جەهانگیری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، لەوحێکی ڕێزلێنانی کە لە لایەن هێزی تایبەتەوە بۆ ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە کۆمیتەی سۆران دیاری کرابوو، ئەو لەوحە ڕێزلێنانە بە "ڕامین عومەر زادە" بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەو شارە پێشکەش کرا.

دواتر سێ ئەندامی کۆمیتەی سۆران بە ناوەکانی "کاروان شەریف، بێهزاد شێخ زادە و مستەفا سێلەکە" لەوحی ڕێزلێنانیان لە لایەن "بەهمەن دێهقان" جێگری فەرماندەی هێزی تایبەتەوە، پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا دوو ئەندامی دیکەی کۆمیتەی سۆران بە ناوەکانی "ڕوومێل عومەرزادە، سەعید ڕەنجبەر" لە لایەن "غاڵب حەبیبی" کادری سیاسی لە هێزی تایبەت لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا.

پاشان پێشمەرگەی لاو "نیزام سەجادی" گۆرانییەکی لەژێر ناوی "نیشتمان" پێشکەش بە بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە کرد.

دواتر شێعرێکی بەهەست لەژێر ناوی "پێشمەرگە" لە لایەن خاتوو "هەورین مەنگووڕی" پێشکەش کرا.

پاشان دوو خاکیپۆش بە ناوەکانی "ئەویندار و پێشەوا" گۆرانییەکیان پێشکەش کرد.

ڕێوڕەسمەکە بە چەند تابلۆی هەڵپەڕکێ لە لایەن گرووپی هەڵپەڕکێی "زرێبار" کۆتایی پێهات.

# پێشمەرگەکانی شار پیرۆزبایی ٢٦ی سەرماوەزیان لە پێشمەرگەکانی شاخ کرد



پۆلێک لە پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی شار، لە سەقز و بۆکان، بەبۆنەی هاتنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، پەیامی پیرۆزبایی و بەڵێن نوێ کردنەوەیان بۆ پێشمەرگەکانی شاخ نارد.

**دەقی پەیامی پێشمەرگەکانی شار لە سەقز:**

لە گەڵ سڵاوێکی گەرم و شۆڕشگێڕانە

پێشمەرگە بەرزترین سیمبۆلی بوێری و زاناییە

لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، سڵاو دەنێرین بۆ ئێوە پێشمەرگە قارەمان و تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە مێژووییەتان لێدەکەین.

پێشمەرگە ڕەمزی مانەوەی گەلی کوردە و پارێزەری بەها و ئەرزشە ئینسانیەکانە؛ پێشمەرگە یادگاری بەنرخی کۆماری کوردستانە کە هەتا ئەمڕۆ، لە سەنگەری بەربەرەکانێ بە دژی حکومەتە ناوەندگەرا و تێرۆریستەکانی پاشایەتی و ئیسلامی ئێراندا ماوەتەوە؛ ئێمە لە شاری سەقز لە گەڵ هەموو پێشمەرگە قارەمان و گیان لەسەردەستەکانی سەنگەر، پەیمان نوێ دەکەینەوە و بەڵێنتان پێدەدەین وەک هەمیشە پاڵپشت و هاوکارتان بین و هیچ کات لە هەوڵەکانمان بۆ لاواز کردن و ڕوخانی ڕێژیمی تێرۆریستی ئێران کەم نەکەینەوە. بەڵێن دەدەین ڕاسان لە شاردا دژ بە داگیرکەر بەردەوام بێت هەتا نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بە ئامانجەکانی خۆی بگات. سڵامەتی و شادی بۆ هەمووتان بە ئاوات دەخوازین و هیوادارین لە کوردستانێکی ئازاددا بە دیدارتان شاد ببینەوە.

**هەزاران سڵاو لە پێشمەرگە خۆڕاگرەکانی سەنگەر**
**بەشێک لە ئەندامان ولایەنگرانی حدکا لە شاری سەقز**

**دەقی پەیامی پێشمەرگەکانی شار لە بۆکان**

**پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە**

لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا، ئێمە پێشمەرگەکانی شار، لە شاری بۆکان لە گەڵ خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی شەهیدان و لە گەڵ حیزبی شەهیدان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا سەرکەوتن لە خەبات و تێکۆشان بۆ ساتیك نەوەستێن؛ لەو ڕۆژە پیرۆزەدا سڵاو دەنێرین بۆ زیندانیانی سیاسی خۆڕاگر، لە زیندانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا.

**سلاو لە پێشمەرگەکانی شار و شاخ**
**سەرکەوتن بۆ خەباتی شار و شاخ**
**پولێك لە پێشمەرگەکانی شار لە بۆکان**

# پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات سەنگەری خەباتی بە هاوڕێیانی سپارد



پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکی شاری شنۆ بۆ هەمیشەماڵئاوایی لە ژیان کرد.

کاک "حوسێن ئەحمەدپوور" کوڕی "ئەحمەد" خەڵکی گوندی "قوڕووشاوێ" سەر بە شاری شنۆ لە دایکبووی ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی، بە هۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

کاک حوسێن ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، پەیوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرت و لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا وەک پێشمەرگەیەک سازمان درا و خزمەتی پێشمەرگایەتی کرد. پاش ماوەیەک وەک سەرپەل دیاری کرا و درێژەی بە کار و تێکۆشانی خۆی دا، کاک حوسێن دواتر لە کۆمیسیۆنی ماڵی و لە بەشی خەدەماتدا کاری دەکرد و هاوکات چەندین ئەرکی پێ ئەسپێدراوی دیکەشی جێبەجێ دەکرد.

ناوبراو لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٦ بە هۆی شکانی لاقی و نەخۆشیی درێژخایەنی دڵ لە زەوینگیر بوو و ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی سەرماوەزی ١٣٩٦ی هەتاوی، بە هۆی نەخۆشییەکەیەوە لە بنکەی ناوەندی ٣ی کوردستان لە جێژنیکان کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی کەمپی جێژنیکان بە بەشداری هاوسەنگەرانی بە خاک ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# خەڵکی کوردستان ڕێز لە "پێشمەرگەی کوردستان" دەگرن








لە بەرەبەری ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان کۆمەڵێک چالاکی جۆربەجۆر لە شارەکانی کوردستان بەڕێوە چوون.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، ڕێکەوتی ١٨ی سەرماوەز لە شاری پاوە، تراکت و پووستێری تایبەت بەم ڕۆژەیان لەم شوێنانە بڵاو کردۆتەوە: بازارچەی تازە، ترمینال، پارکی کۆمەکاڵ، جاددەی خانەقا.

لەلایەکی دیکەشەوە تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری کامیاران بەمەبەستی ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی فەرماندەی شەهیدی پێشمەرگە، فەرماندە سالار ئیبراهیمی، تراکتی تایبەتی ٢٦ی سەرماوەزیان لەسەر گڵکۆکەی دانا و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ سەرجەم شەهیدانی کوردستان نوێ کردەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی قارەمانپەروەری شاری کامیاران بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگە و لە بەرەبەری ٢٦ی سەرماوەز ساڵڕۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا بە چالاکیی تەبلیغی ڕێزیان لە پێشمەرگە گرت.

ئەو شوێنانەی چالاکیی تەبلیغی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: "دەبیرستانی موعەلیم، ئوستاد شەهریار، ڕازی، زەینەبیە، فاتمەی زەهرا، مائیدە، هونەرستانی کارودانش، جەوان، هونەرستانی "خوارزمی"، دەبیرستانی ڕەستگاران، قوتابخانەی گشتیی فەجر، کۆڵانەکانی ١٢ میتریی تەوحید، مزگەوتی حەزرەتی عایشێ، مزگەوتی دێوەزناوییەکان، مزگەوتی محەممەد ڕەسولاللە، دەوروبەری باشگای تەختی، دەوروبەری "ثبت و احوال"، مزگەوتی خومە کوێر، کامێرانە کۆن و کۆڵانەکانی، شارەکی بێعسەت، ئاپارتمانەکانی شارەکی بێعسەت و شەقامی تروەڕێز.

ڕۆڵەکانی دێموکرات بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگەی کوردستان و خەبات و خۆڕاگری پێشمەرگە و بەرەبەری ٢٦ی سەرماوەز ساڵڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە تاران پێتەختی ڕێژیمی ئێران لەو شوێنانە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە."تهران پارس، حکیمیە، پارک بهار، پمپ بنزین بهار، بهشتی ٢، بهشتی٦، بهشتی٧ و بهشتی٨".

هەروەها قارەمانانی دێموکرات لە شاری مەهاباد لە زۆربەی گوند و گەڕەکەکانی ئەو شارە بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شاری دەماوەندی تاران، شەوی ١٦ی سەرماوەز بەشێوەیەکی بەرچاو و بەرین چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغی تێدا کراوە بریتین لە: شەقامی خومەینی، شەقامی شێخ شەبلی و شەقامی ئاباد، فەلەکەی "فرامە"، گیلاوەند، وێستگەی تاکسییەکانی تاران و فەلەکەی کرێکاران، بلوارەکانی خامنەیی و بێهێشتی.

ئەم چالاکییانە لە شێوەی بڵاوکردنەوەی تراکت و پووستێری تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگە بوون.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە ناو شاری سنە چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

ئەو شوێنانەی چالاکی تێدا بەڕێوە چووە، بریتین لە: "مەیدانی کوهنەوەرد، مەیدانی زەفەرییە، مەیدانی هەوراز، مەیدانی گاز، مەیدانی موارەکئاوای سنە.

هاوکات قارەمانانی دێموکرات، لە شاری بانە بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ساڵڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە "گەڕەکی ئینقلاب، بلواری ئینقلاب، گەڕەکی سەدا و سیما، گەڕەکی بلواری مەهارەت، وێنە و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان لە سەر ماشینی هاووڵاتییان چەسپاندووە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ساڵڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە شار و گوندەکانی کوردستان چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە دەبەن.

ئەو شوێنانەی کە تێکۆشەرانی دێموکرات چالاکیان تێدا بەڕێوە بردووە، بریتین لە: "چوارڕای ئەسڵی شاری مەریوان، نزیک بازاڕی هەورامییەکان و گەڕەکی بلواری موعەلیم.

هاوکات ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری بۆکان، بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە شوێنە جیاوازەکانی ئەو شارە وەک: "سەید شەکرە، باسکوولی ئیلخانیزادە، نەساجی پردی میراوا، مەجبوورئاوا، پشت سی میتری، دەوری فەلەکەی ئازادێگان تا عەلیئاباد، شەقامی یەکشەوە، دەوری فەلەکەی ئەسکەندەری، کۆی ئەندیشە، دەوریساڵۆنی وەرزشی جیهادی کشاوەرزی و لە هەموو شوێنە گشتییەکان و شوێنی کۆبوونەوەی خەڵک وەک مزگەوتەکان، تراکت و وێنەی تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بڵاو کردووەتەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، ڕێکەوتی ١٩ی سەرماوەز لە "ئیندرقاش و شارویرانی" مەهاباد بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان چالاکی تەبلیغاتیان ئەنجام دا.

هەر هەمان ڕێکەوت ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شاری بۆکان، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پوستێر و سی دی و کورتە نامە، چالاکی بەرینی تەبلیغییان ئەنجام دا.

بەشێک لەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: تابلۆکانی جادەی بورهان تا گوندی ئاختەتەر، بلواری شەمسی بورهان لە میرئاوا، قوتابخانەکانی باخی فەرهەنگی میرئاوا، زانکۆی عیلمی کاربۆردی، باخی قازی، ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان و ساڵۆنەکانی ورزشگای وەحدەت؛ هەروەها زیاتر لە هەزار کورتەنامەی پیرۆزبایی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بۆ خەڵك نێردراوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، چالاکیی تەبلیغیی لە شارەکانی کوردستان بەڕێوە دەبەن.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری بانە، بۆ ڕێزگرتن لە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ئاڵای کوردستانیان لە کێوی "سیوچە" هەڵکرد.

لە گوندی تەنگیسەری دێموکراتپەروەریش بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە برا و تێکۆشەرانی دێموکرات وێنەی شەهیدان و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان بڵاو کردەوە.

هەروەها لە شوێنەکانی وەکوو: "خوێندنگەی ناوەندیی، کتێبخانەی دوکتور قاسملوو، قوتابخانەی سەرەتایی، مخابرات، خانووی بێهداشت، مزگەوتی جامعە و مزگەوتی محەممەدی و کۆڵانەکانی دەوروبەریان و هەروەها زۆربەی دووکان و ماشینەکانی نێو گوند بە تراکت و وێنەی پەیوەندیدار بە ٢٦ی سەرماوەز ڕازێندرانەوە، کە بووە هۆی خۆشحاڵی خەڵک و بەم بۆنەوە پیرۆزباییان لە یەکتر دەکرد.

هاوکات ڕۆڵەکانی دێموکرات بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدی زیندووی کوردستان مامۆستا "حەسەن شیوەسەڵی" وێنەی ناوبراویان بڵاو کردووەتەوە.

ڕۆڵە نەبەزەکانی دێموکرات لە گوندی شیان سەر بە ژاوەرۆی سنە، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لە درێژەی ئەو کار و چالاکییانەدا قارەمانانی دێموکرات، لە شاری تاران وێنە و تراکتی تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بڵاو کردەوە و ڕێزیان لە پێشمەرگە گرت.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، چالاکیی تەبلیغیی لە شار و گوندەکانی کوردستان بەڕێوە دەبەن.

قارەمانانی دێموکرات لە گوندی "قەڵاتان" سەر بە شاری نەغەدە و هەروەها لە گوندی "تەوریوەر"ی ژاوەرۆی سنە بە بۆنەی ساڵڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری بۆکان، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ساڵڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

هاوکات قارەمانانی دێموکرات بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگەی کوردستان، لە گوندی تەنگیسەر و ناوچەی ژاوەرۆ وێنە و تراکتی تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردووەتەوە.

لە درێژەی ئەو چالاکییە تەبلیغییانەدا بە بۆنەی ساڵڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، پۆلێک لە ڕۆڵەکانی دێموکرات لە نێوان شاری دیواندەرە - بیجاڕ لە سەر لووتکەی کێوی "پیر مەحموود" ئاڵای کوردستان و یۆبێلی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان هەڵکرد و وەفاداریان لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستان دووپات کردەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە نێو شاری سنە بۆ چەندەمین جار لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەو شوێنانەی چالاکییان تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: "مەیدانی زەفەریە، مەیدانی ئیقباڵ، مەیدانی ئینقلاب، بەرانبەر پارکی سپیدار، بەرانبەر ئیدارەی پۆست و مەیدانی وەکیڵ"؛ لەو چالاکییانەدا ئەندامانی حیزب تراکت و پوستێری تایبەت بە ٢٦ی سەرماوەزیان بڵاو کردووەتەوە.

هەروەها ڕۆڵە نەبەزەکانی دێموکرات، بە بۆنەی ساڵڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە "شارۆچکەی حەسەناوای سنە، شارەکی زاگرۆسی سنە، گەڕەکی غەفووری سنە، مزگەوتی جامعی حەسەن ئاوا، قوتابخانەکانی غەفوور، زاگرۆس و حەسەناوا تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردووەتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە پێشمەرگەکانی شار، لە سەرهوویەی ژاوەرۆی سنە و لە گوندی سەردۆش بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز تەقەی خۆشییان کردووە.

لە بۆکان، ئەندامانی حیزب بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە "کوی ئەندیشە، عەلی ئاباد، تێرمیناڵی تازە، سێ ڕێیانی خاوەران، گاز و عەلی ئاباد چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

هەروەها ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی سەرماوەز تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری مەهاباد، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە شوێنەکانی وەک: "ورودیی شار، تاقەدار، فەلەکەی مادەر، شەقامی موکریان، شەقامی زانکۆی پەیامی نوور، شەهرەکی کارمەندان، ئەسحابەی سپی، مەیدانچەی حەسەنزادە، حەوشەی نەخۆشخانەی مەهاباد، تالاری سابڵاغ و قەسر، بەری شیلانان و بەری قوتابخانە وێنە و تراکتی تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، ڕێکەوتی ٢٦ی سەرماوەز، بەبۆنەی هاتنی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە گوڵچێری مەریوان و هەروەها لە ئاوییەر و گەڕەکی فەیزاوای سنە بەشێوەی بەرین چالاکی تەبلیغییان ئەنجام دا.

ئەمە چەندەمین جارە کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا تێکۆشەرانی دێموکرات، لەم دوو شارە چالاکی تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگە بەڕێوە دەبەن.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە "شوێشە و ناوچەی کەڵاتەرزان سەربە شاری سنە" وێنە و تراکتی تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردوە کە بریتین لە: "شوێشە، شەقامی دوکتور قاسملوو، ساڵۆنی وەرزشی، کانی وا، تازاوای خەسراوا ناسراو بە حاجی کەیە و جاددەی دادانە کەمانگەر".

# مەلا حەسەن شیوەسەڵی: وەکوو قوربانی تێرۆر بناسرێم



مەلا حەسەن شیوەسەڵی ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نامەیەکی بۆ عاسیمە جەهانگیر، ڕێپۆرتێری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران نووسی.

"مەلا حەسەن ئیبراهیمی" ناسراو بە "مەلا حەسەن شێوەسەڵی"، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دانیشتووی وڵاتی سۆئێد لە نامەیەکدا بۆ عاسیمە جەهانگیر باسی لە دۆخی دەروونی خۆی پاش تێرۆرکرانی لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە کرد.

ناوبراو لەو نامەیەدا نووسیویەتی، لە سەرەتاکانی ژیانمدا لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا بووم و ماوەی چەند دەیەیە کە ئەندامی ئەو حیزبەم؛ لە ساڵی ٦٦ی هەتاوی لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە کراومەتە ئامانجی تێرۆر و لە ڕێگای دوو کەس لە مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمەوە کتێبێکی بومبڕێژکراویان بۆم نارد، کە پاش تەقینەوەی ئەو بۆمبە لەو کتێبەدا هەر دوو دەست و هەردوو چاوم لە دەست دا و سەرەڕای چارەسەری پزیشکی لە بەغدا، پاریس، هوڵەند و سۆئێد نەمتوانیوە ساغی و سڵامەتی خۆم بە دەست بێنم و هەوڵی پزیشکان بۆ چارەسەری من لەو بارەیەوە نەرێنی بووە.

مامۆستا شیوەسڵی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کوردە لە درێژەدا دەڵێت: هەتا ئێستا ئەو تاوانەی کە بەرانبەر بە من کراوە بە فەرمی نەناسراوە و چەند جارێک پەیوەندیم لەگەڵ ئەحمەد شەهید گرتووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم و نەمتوانیوە چیرۆکی کارەساتباری ژیانی خۆمی بۆ باس بکەم.

لە نامەکەی مەلا حەسەن شێوەسڵێدا هاتووە، من ئاگادار کرامەوە کە ئێوە وەکوو جێگرەوەی ئەحمەد شەهید لە بواری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران چالاکیی دەکەن، من هێندێک لە وێنەکانی خۆمتان بۆ زانیاری زیاتری ئێوە لە سەر بارودۆخ و هەوڵە نامرۆڤانەکانی ڕێژیمی ئێران لەو پەیوەندییەدا، بۆ دەنێرم.

ناوبراو ڕایگەیاندووە کە چارەنووسی هەژێنەری من دەتوانێ بەڵگەیەکی ڕوون بۆ ناسینی دەموچاوی تێرۆریزم و مەحکووم کردنی ئەو دیاردە ماڵوێرانکەرە بێت.

مەلا حەسەن شێوەسلی لە کۆتایی نامەکەیدا، داوا لە عاسیمە جەهانگیر دەکات، ناوبراو وەکوو قوربانی تێرۆریزم لە ئێران بناسرێت.

مەلا حەسەن شێوەسەڵی لە ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی لە گوندی "شێوەسەڵی" سەر بە شاری سەردەشت لە دایکبووە و لە ساڵی ٤٣ی هەتاوی بووەتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ساڵی ٥٨ی هەتاوی وەکوو ئەندامی ڕێبەری ئەو حیزبە هەڵبژێردراوە؛ لە ١٦ سەرماوەزی ٦٦ی هەتاوی، ڕێژیمی ئێران پاش ئاگادار بوون لە خولیای ناوبراو بۆ خوێندنەوەی کتێبی "سپی ددان" لە نووسینی جەک لەندەن، ئەو کتێبەی بە بومبڕێژکراوی لە ڕێگای دوو کەس لە دەستوپەیوندییەکانی خۆیەوە بۆ ناوبراو نارد، کە بە هۆی تەقینەوەی ئەو کتێبە هەر دوو چاو و دەستی لە دەستداو و ئاستی بیستنی لە سەدا بۆ ٢٥دابەزی.

## درێژەی پەیف

خەبات لەدایک دەبێ.

لە سەردەمێکدا کە بزاڤی کورد و کوردستان، لە شەپۆلان دەکەوێ و شۆڕەسواری مەیدانی خەبات و تێکۆشان لەبەر هۆکارە چەندین جار باسکراوەکان، سەنگەر لە گەرموگوڕی دەخا، بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ ساردو سڕی و کزبوونی هیوا باڵ بەسەر ئاسۆی خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکێشێ، بەڵام راسان، لەسەر هەمان هزر و فەلسەفەی یەڵدا، لەراستیدا هێزدانەوە و نێڵدانەوەی خەبات و کوورەی ژیان، سروودێکی نوێ بە گوێی کۆمەڵگادا دەخوێنێ.

سروودی نوێی راسان، ڕەگی لە کەلتوور و تێڕوانینی کورد و لە مانابەخشینەکانی ڕێبەری شۆڕش قاسملووی ڕێبەر و نەمر وەرگرتووە و ڕەگەکانی کۆنەستی کۆمەڵگا دەلەرێنێ، هەر بۆیە دڵی خەڵک لەگەڵ دڵی راسانیان لێدەدا.

یەڵدا و لەدایکبوونەوەی هیوا و ساڵیادی هاتنە ژیانی ڕێبەری نەمر، دوکتور قاسملوو لە کوردستان و لە راسانییەکان پیرۆز بێ.

# پەیامی کۆمیسیۆنی سیاسی – نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ۲٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان



ڕۆستەم جەهانگیری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**بەشدارانی بەڕێزی ڕێوڕەسمی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان!**
**پێشمەرگە ئازاکانی کوردستان!**

ئەمڕۆ، ۲٦ی سەرماوەز لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورددا، ڕۆژێکی گرینگ و دەستپێکی وەرچەرخانێکی مێژووییە؛ ۷۲ ساڵ لەمەوبەر لە وەها ڕۆژێکدا، واتە لە ۲٦ی سەرماوەزی ۱۳۲٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ۱۹٤٥ی زایینیدا بوو کە خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری مهاباد، بۆ ڕاماڵینی دامودەزگای داپڵۆسێنەری دەسەڵاتدار هێرشیان کردە سەر دوابنکەی ستەم، واتە شارەوانیی شار و ئاسەواری ستەمیان لەو دەڤەرەی کوردستان تێکەوەپێچا و ئاڵای کوردستانیان لێ هەڵکرد.

بە لەنێوچوونی دوابنکەی دەسەڵاتی پاشایەتی، گەلی کوردستان چارەنووسی خۆی بەدەستەوە گرت و بە کردەوە بوو بە سەرووەری نیشتمانەکەی؛ لەو کاتەدا، گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نە هێزێکی ڕێکوپێکی چەکداری بوو و نە لە بواری ڕێکخراوەییشەوە بە تەواوی لەگەڵ قەوارەی "ڕێکخراو" ئاشنا ببوو، بەڵام بە ئیلهام وەرگرتن لە پێشەنگانی خەباتی نەتەوەیی خۆی، بەپێی بەرنامەی حیزبی دێموکرات کە کەم ئەزموون، بەڵام بە بڕیار بوو و لە ژێر ڕێنوێنییەکانی پێشەوای زانا قازی محەممەددا توانی بە خێرایی ڕیزەکانی خۆی ڕێك بخاتەوە و بەرەو دامەزراندنی سوپایەکی نەتەوەیی هەنگاو هەڵێنێتەوە.

بەپێی گێڕانەوەی سەرچاوە زارەکییەکانی مێژووی نەتەوەییمان، لە کاتی گفتوگۆ لە سەر ناوی سوپای کوردستان لە دیوانی سەرکۆمار قازی محەممەددا، باسی ناو و نازناوی جیاواز دەکرا؛ لە گەرماوگەرمی باسەکاندا کەسێکی بەدەر لە بازنەی سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات و بەڕێوەبەرایەتی کوردستان پێشنیارێک بە سەرکۆمار و هاوڕێیانی دەکات و دەڵێ: "قەدیم زەمانان بە پیاوچاك و کەسانی بەجەرگیان دەگوت "پێشمەرگە"؛ لەو کاتەدا هەموو بەشداران گوتیان: "ئەوە پێشنیارێکی گونجاو و بەجێیە". بۆیە هەموو ئەو پێشنیارە قبووڵ دەکەن و ناوی بەرزی پێشمەرگە بۆ ئەندامانی سوپای نەتەوەیی کوردستان هەڵبژێردرا.

بە دیاریکردنی ناوی پێشمەرگە، ڕەوتی شکڵ پێدانی قەوارەیەکی پێشکەوتوو بۆ سوپای کوردستانیش دەستی پێکرد؛ لە ماوەیەکی کورتدا، سوپای کوردستان لق و پۆپەکانی لە هەموو هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی نەتەوەییدا بڵاو کردەوە و وەکوو هێزێکی هاوچەرخی خاوەن ئامانجی سیاسی شکڵی گرت.

بەڕێوەبەران و فەرماندەکانی پێشمەرگە کەوتنە ژێر فەرمانی فەرماندەیی گشتییەوە و بەپێی پێوانەکانی ئەرتەشێکی ڕێکوپێك و تەکوزمەند کاریان کرد. ئەو هەنگاوە بۆ ئەو سەردەمەی کوردستان، بە بێ ئەزموونی بەڕێوەبەریی و دروست کردنی یەکەی سەربازیی ڕێکوپێك، وەرچەرخانێکی مێژوویی و سەرەتای بەدامەزراوە کردنی ئۆرگانەکانی دەسەڵات بوو؛ بە کردەوەش ئەو هەنگاوە بوو بە نموونەی هەرە سەرکەوتووی دەسەڵاتداری، کە تا ئێستاش بە دەگمەن نموونەی لە ناوچەکانی ئێمەدا دەبیندرێ، چوونکە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە هەموو ماوەی ژیانی کۆماردا، توانیی نەزم و ئارامیی نێوخۆیی بپارێزێ، ڕێگە لە بشێوی و کەس‌بەکەسی بگرێ و بەپێی بڕیارەکانی سەرکردایەتی سیاسیی وڵات بجووڵێتەوە؛ لەو کاتەوە، پێشمەرگە بووە بە پارێزەری نرخ و هیوا نەتەوەییەکانمان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە شانازیی دامەزراندنی یەکە سەرەتاییەکانی هێزی پێشمەرگەی بە ناوی خۆی تۆمار کردووە، هەر پاش دەسپێکردنەوەی قۆناغی نوێی خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ۱۳٥۷ی هەتاوییەوە بەرانبەر بە ۱۹۷۹ی زایینی، لە بەرنامەیدا بوو تا ڕۆژێك بۆ ئەمەگناسی و ڕێزگرتن لە ناو و یادی پێشمەرگە دیاری بکات. هەل و مەرجی سەختی خەبات و سەرقاڵ بوونی هەموو ڕێکخراوەکانی حیزب بە خۆڕاگری لە بەرانبەر ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی، جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارەی وەدوا خست، تا ئەوەیکە لە ساڵی ۱۳٦۳ی هەتاوی، بەرانبەر بە ۱۹۸٤ی زایینی‌دا ئەو دەرفەتە ڕەخسا و لە کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزب، ڕۆژی ۲٦ی سەرماوەز بەهۆی ڕوودانی ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە لەو ڕۆژەدا هاتبوونە ئاراوە، ئەو ڕۆژەیان وەکوو ڕۆژی پێشمەرگە پێشنیار کرد و بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا و یەکەم ڕێوڕەسمی ڕۆژی پێشمەرگە لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات لە گوندی گەورەدێی باشووری کوردستان ساڵی ۱۳٦۳(۱۹۸٤) بەڕێوە چوو.

لەو کاتەوە هەموو ساڵێک خەڵکی کوردستان لەو ڕۆژەدا لە نێوخۆی وڵات، بە بڵاو کردنەوەی تراکت و پووستێری تایبەت بەو ڕۆژە و گەلێک چالاکیی دیکە ڕێز لە ڕۆڵە بەئەمەگ و دەروەستەکانی خۆیان دەگرن و لە بنکە و بارەگاکانی حیزبیش ڕێوڕەسمی تایبەت بەو ڕۆژە دەگیرێت. ئەوەش هەوڵێکە بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و خۆڕاگریی ڕۆڵەکانی نیشتمان و هاندەری بەرەی نوێیە بۆ بەشداری کردن لە خەباتی نەتەوەییدا؛ هەنگاوێکە کە کاریگەرییەکانی بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی نەتەوەییماندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە و دەبێتە سەرچاوەی هێز بۆ بەردەوامیی خەبات تا گەیشتن بە هەموو مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد. پەیوەست بوونی پۆل پۆل ڕۆڵەی بەئەمەگ بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی حیزب و باقی هێزە خەباتگێڕەکانی کوردستان، نموونەی هەرە بەرچاوی کاریگەرییەکانی ئەو هەنگاوە مێژووییەن.

هاوڕێیانی پێشمەرگە!

ئەگەر چەمکی پێشمەرگە هەر تەنیا ناوێك، چەکێك، جلوبەرگێکی لەشکری و قەتارەیەکی فیشەك و تەقەمەنی بوایە، بێگومان ئێستا ڕیزەکانی پێشمەرگە لە ئەژمار نەدەهاتن؛ بەڵام پێشمەرگە تەنیا چەکهەڵگرێکی بەڕێوەبەری هەر فەرمانێك نییە.

پێشمەرگە پێشەنگی خەبات بۆ ژیانێکی باشتر بۆ نەتەوەکەیەتی؛ واتە هاوکات لەگەڵ هەڵگرتنی چەك، هەڵگری بیر و باوەڕێکی مرۆڤدۆستانەی سیاسییە کە بۆ نرخە بەرزەکانی مرۆڤایەتی وەك یەکسانی، مافەکانی مرۆڤ، مافی تاك و کۆمەڵ بۆ ژیانێکی شایان، بە دوور لە چەوسانەوە و هەڵاواردن تێدەکۆشێ. هەر کام لەو نرخانە، پێکهێنەری قەوارەیەکی هزری و سیاسین کە فەلسەفەی هەبوون و ژیانی پێشمەرگە لە هەبوون و ژیانی باقی هێزە چەکدارەکانی بەڕێوەبەری هەر فەرمانێك جیا دەکاتەوە.

پێشمەرگە هەڵگری فەلسەفەی ژیانێکی ئازاد و یەکسانە؛ ڕوانگەی پێشمەرگە بۆ مرۆڤایەتی، ماف، ژیان و ئازادی بە تەواوی لە ڕوانگەی هەڵگرانی فەلسەفەی بەرژەوەندیخواز، داخراو، وشکەڕۆ و کۆنەپارێز جیاوازە. بۆ پێشمەرگە هەموو مرۆڤێك خاوەنی هەر ڕەنگ، زایەند، دین، کولتوور، زمان یا هەڵگری هەر بیروڕایەکی سیاسی، فیکری یا ئایینی بێ، هیچ جیاوازییەکی نییە. دین و ئایین پێوەندی بە بڕوای تاکەوە هەیە و لە فەلسەفەی پێشمەرگەدا نابێتە ئامرازی هەڵاواردن، دانی ئیمتیاز یا لێ زەوت کردنی ماف و ئیمتیاز لە کەس یان پێکهاتەیەك؛ هەر بەو پێیەش، زمان، کولتوور یا باقی جیاوازییەکانی بەرچاو یا زەینی، نابنە هۆکاری دانانی جیاوازی. ئەو ڕوانگەیە، هێزی پێشمەرگەی وا پەروەردە کردووە کە دەرگای بۆ هەموو پێکهاتە، تاك و گرووپێك بکاتەوە کە بۆ ڕزگاربوون لە وشکەڕۆیی و توندئاژۆیی تێدەکۆشن.

نموونەی پێبەندبوونی پێشمەرگە بە نرخە بەرزەکانی مرۆڤایەتی ئەوەندە زۆرن کە ڕیزکردنی تەنیا بەشێکی بچووکیان، لە توانادا نییە؛ بەڵام نەتەنیا گەلی کورد، بەڵکوو هەموو مرۆڤایەتی ئەمڕۆ شاهێدی بۆ ئەوە دەدات کە ئەوە پێشمەرگەی کوردستان بوو لە بەرانبەر ئایدۆلۆژیای بۆگەنی پڕ لە مەترسی بۆ مرۆڤایەتی، واتە ڕوانگەکانی ویلایەتی فەقیهی و خەلافەتی دینی لە شکڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش و بیری شۆڤینیستی ڕاوەستا. ئەو هەڵوێستەی گەلی کورد و هێزی پێشمەرگە بوو کە ناوی بەرزی پێشمەرگەی، لە شاخە سەرکەشەکانی کوردستانەوە بۆ سەر لووتکەی ناوەندەکانی بڕیاردان لە سیاسەتی نێونەتەوەیی وەکوو کۆشکی سپی، کۆشکی ئێلیزە، کرێملین و بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان بردەوە و کردی بە ناوبانگێکی بەرزی نێونەتەوەیی.

هەر لەو ڕووەشەوەیە کە ئەمڕۆ دەبینین لەدایکبوونی چەمکی پێشمەرگە لە ڕاستیدا لەدایکبوونی هیوایەك بوو؛ هیوا بە داهاتوو، هیوا بە ئازادی، هیوا بە یەکسانی و هیوا بە ژیانێکی بەدوور لە ستەم و نادادپەروەری. پێشمەرگە بوو بە سیمبۆلی ئازادی، پێشەنگی ژیانێکی جیاواز لە ژیانی ژێردەستی و نموونەی خۆڕاگری لە بەرانبەر بێدادیدا؛ پێشمەرگە بوو بە ڕەنگ و دیمەنێکی نوێ بۆ شاخە سەربەرزەکانی وڵات و باڵای لە هەر شاخێك بەرزتر، ڕیشەی قووڵتر، توانایی خۆڕاگریی زیاتر و جوانییەکانی دڵڕفێنتر کرد. لەو ڕۆژەوە کە ناوی پێشمەرگە ناودێر بوو، نەتەوەی کوردیش دڵنیایی پەیدا کرد کە ئیدی بێکەس و بێ پشت نییە و هەر کات ئیرادە بکا، دەتوانێ پێگەی دەسەڵاتی زۆرداران و داگیرکەران وەلەرزین بخات.

بەرزیی ناو و پێگەی پێشمەرگە، بەهێزبوونی هیواکانی گەلی کورد و مرۆڤایەتی و ئەو ئەرکە قورس، بەڵام پڕ لە شانازییەی کە هێزی پێشمەرگە بەتایبەتی لەم قۆناغە هەستیارەی گرێدانی خەباتی شاخ و شارماندا واتە ڕاسانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە ئەستۆی گرتووە، حوکم دەکا کە هێزی پێشمەرگە و هەر تاکێکی هەڵگری ناوی پێشمەرگە، بەر لە دەسبردن بۆ چەکەکەی بیر لە بەرپرسایەتی و پێگەی پێشمەرگە بکاتەوە. دەبێ هەموو ئەو نرخانەی کە پاراستنیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە ناوی بەرزی پێشمەرگەوە تۆمار کراوە و بەو ناوەوە دەناسرێ، لە هەڵسوکەوت و ئیرادەی یەکایەکی پێشمەرگەکانماندا خۆی بنوێنێ؛ چوونکە پێشمەرگەی کوردستان، وێڕای هەڵگرتنی چەکی پارێزگاری لە نرخەکانمان، پێشەنگێکی سیاسییە کە بۆ هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی، لەگەڵ ئەوەدا کە دەستوور و بڕیاراتی سەرووی خۆی بەڕێوەدەبات، لە هەمان کاتدا ئەو، تاکێکە کە توانای هەڵبژاردنی هەیە، بڕیار دەدا، پاك و ناپاك بەپێی ئەو نرخانەی کە پێبەندیەتی لێك دەکاتەوە و لە بەرانبەر نادروستیدا لە هەر هەلومەرجێکدا و لە هەر شوێنێك بێ، هەڵوێست دەگرێ و تێدەکۆشێ.

ئەمڕۆ هاوسانی گەلی کورد، هەموو گەلانی وشیاری جیهان بە ڕێزەوە سەیری پێشمەرگە و ئەو بەهاگەلە دەکەن کە پێشمەرگە دەیانپارێزێ. هەر چەند بەرژەوەندییە تەسکەکانی دەسەڵاتداران ئێستا ڕێگا نادەن نەتەوەی کورد بە ویست و ئیرادەی خۆی، چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ڕاسان و خەبات و خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگە داهاتوویەکی گەشی بۆ نەتەوەکەمان مسۆگەر کردووە کە درەنگ یا زوو دەرگای ئازادیمان بۆ دەکاتەوە، بۆیە دەبێ ئەمڕۆ بە دڵنیاییەکی زیاترەوە، بە ئیرادەیەکی پتەوترەوە و بە بڕوایەکی پۆڵایینەوە هەنگاوەکانمان بۆ یەکخستنەوەی تواناکان و ریزی نێو بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات خێراتر و گورجتر بکەین؛ چونکە نەتەوەکەمان شیاوی داهاتوویەکی باشترە و چاوەڕوانی ئیرادەی هێزی پێشمەرگە بۆ مسۆگەرکردنی ئەو داهاتوویە.

بەڕێزان!

وەك دەبینین ئێکسیری ژیانی ئەبەدی بە گشتی خەونی هەمیشەیی مرۆڤ بووە. مرۆڤو بەگشتی هیچ گیانلەبەرێك هەتا ئەمڕۆ نەیتوانیوە خۆی لە بازنەی مەرگ دەرباز بکات و وەك چۆن لەدایك بوون دەچێتە خانەی جەبرەوە، مردنیش لە بازنەی جەبر دەرناچێت و ژیانی تاهەتاییش خەونێکی هەمیشەیی وەدینەهاتووە، بەڵام کاردانەوی مەرگ لە ماناکانی ژیاندا، دەبێتە هاندەر و هۆکاری کراوەیی دەستی مرۆڤ بۆ داڕشتنی پلان و گەڵاڵەی درێژخایەن لە ژیانیدا بۆ ئەوەی جیاوازییەك لەباری مانا و نێوەڕۆکدا لە نێوان (ژیانو مەرگ) و (مانو نەمان)دا بدۆزێتەوە و لەو سۆنگەوە و وەکوو مرۆڤێکی دەربازبوو لە بێ هیوایی بازنەی جەبری سەپاو، مامەڵە لەگەڵ ژیانو چارەنووسی خۆی بکات. جەبر بە چۆکدا بێنێت، بە مەرگ پێبکەنێت و بڵێت: بەپێی جەبری سروشت لە دایك بووم و بەپێی ئەو جەبرەش دەمرم، بەڵام ئەوە خۆمم کە بڕیاردەرم لە چۆنیەتی مانم و کە بڕیاریش بێت جەبری نەمان قبووڵ بکەم، ئەوا وەها مردنێك هەڵدەبژێرم کە بارتەقای ئێکسیری ژیان بێت؛ ئەوە منم کە سنووری خۆفی مەرگو نەمانم تێپەڕاندووە؛ ئەوە منم کە لەوپەڕی ژیان خۆشەویستیدا بۆ ژیانی ئاسوودەی خۆم، نەتەوەکەمو بەگشتی ئاسایشی مرۆڤ تێدەکۆشم و گەر لەو ڕێبازەدا گیانی خۆیشم بەخت بکەم باکم نییە؛ ئەوە منم کە پێش مەرگ دەکەوم، بە ڕوویدا پێدەکەنم و دەڵێم من نازناوی پێشمەرگە بۆ خۆم هەڵدەبژێرم و جەبری مەرگ بە ئیرادەی خۆم دیاری دەکەم و مانا بە مانم دەبەخشم و دەڵێم: هەتا من هەم، مردن نییە و کە من مردم، مانا بە نەمانم دەبەخشم و دەگەمە قۆناغی هەرمان، بەڵام هەرمانێك لە ناخی ویژدانی مرۆڤایەتی، گەلەکەمو لە دووتوێی مێژوویەکی پرشنگداردا.

ژیانو مەرگ، مانو نەمان واتای سروشتیی خۆیان لەدەست دەدن و چۆن مان و چلۆن ژیان دەبنە واتای سەرەکیی ژیان، ئەوەش فەلسەفەی مانەوەی ناو و پێگە و خۆشەویستیی پێشمەرگەیە.

**هاوڕێیانی پێشمەرگە**
**ڕۆژتان پیرۆز، کاتتان باش و ژیانتان پڕ لە شانازی**
**یاد و ڕێبازی شەهیدانی گەل و نیشتمان، بە تایبەت شەهیدانی ڕاسان بەرز و بەڕێز بێت.**
**سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانە و نەتەوەیی کورد**
**مەرگ و نەمان بۆ دوژمنانی گەلی کورد، بخاسمانی کۆماری ئیسلامی**

**کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**۲٦ی سەرماوەزی ۱۳۹٦ی هەتاوی بەرانبەر بە ۱۷ی دێسامبری ۲۰۱۷ی زایینی**

# فەلسەفەی "حەق" و یەکپارچەیی هەرێمی



کەریم پەرویزی

هیچ شاراوە نییە کە ئەم بابەتە لە کاتێکدا لە دایک دەبێ کە لە کۆتاییەکانی مانگی خەزەڵوەری ۱۳۹۶ی هەتاوی لە ئاڵمان ژمارەیەک لە هێزەکانی سەر بە نەتەوە ستەملێکراوەکان وەهەروەها سەر بە نەتەوەی باڵادەست، پێکەوە شوورایەک بە ناوی شووورای دێموکراسیخوازانی ئێرانیان پێک هێنا.
ڕاگەیاندنی پێکهێنانی ئەو شوورایە لەگەڵ کاردانەوەی زۆر و جۆربەجۆر بەرەوڕوو بوو؛ ئەوەی کە پێویستە ئاماژەیەکی کورتی پێ بدەم ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە وتوویژ و دیالۆگەکانی پێوەندیدار بە دامەزرانی ئەو شوورایە بەشدار بوو، بەڵام بە خوێندنەوەی خۆی لێی کشایەوە و قسەی حیزبی دێموکرات لەوبارەوە چی بوو، مەبەستی ئەم نووسراوە نییە.
ئەم بابەتە زیاتر لەوەی ڕوو لەو هێزانە بێ کە ئەو شوورایەیان پێک هێناوە، ڕووی لە خودی ئەم حیزبەیە کە نووسەری ئەم بابەتەی تێدا ئەندامە، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەوەش نەک لەبەر ئەوەیکە پێویست نەکا لەگەڵ هێزەکانی پێکهێنەری ئەو شوورایە و بەتایبەت هێزە کوردییەکانی بەشدار تێیدا دیالۆگی ڕەخنەگرانەمان هەبێ، بەڵکوو زۆرتر مەبەستم ئەوەیە کە تێڕوانین و هەندێک بیرکردنەوەم بێنمە بەرباس کە ڕەنگە لە ڕابردوو و لە داهاتووشدا پرسە سیاسییە هاوشێوەکان بەرەوڕووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بوویێتن یان ببنەوە. بۆیە ئەوەی دەمهەوێ بیڵێم بە بیانووی پێکهێنانی ئەو شوورایە گۆشەنیگای ئەزە بۆ چەمکێک بەناوی "یەکپارچەیی هەرێمی"ی ئێران یان بەو شێوەیەی فارسەکان حەزیان لێیە ناوی ببەن "حفظ تمامیت ارضی ایران" باس بکەم و دەرگای دیالۆگێکی ڕەخنەگرانەمان لە نێواندا کراوە بێ.
( لە دەستەواژەی ئینگلیسیی ئەو چەمکەدا کە دواتر دەچینە سەری، بەم شێوە هاتووە:" territorial integrity" کە تریتۆری بە مانای هەرێمی ژێر فەرمانڕەوایی دێ یان ئەو خاکەی کە لەژێر فەرمان و ئیدارەی حکومەتێکی دیاریکراودایە و فارسەکان زۆرتر بە ئەنقەست وشەی "ارض" بەکار دێنن بۆی و مانای دروستی فارسییەکەی "قلمرو"ە کە کوردییەکەی دەبێتە هەرێم و تریتۆریاڵ دەبێتە هەرێمی ).
پێش لەوەش بڕۆمە سەر باسەکە، دەبێ ئەوەش بڵێم کە بەداخەوە لە نێو ژمارەیەک لە چالاکانی سیاسی و هەندێک لە لایەنگرانی حیزبەکاندا دیاردەیەکی ناشیرین زۆر جار دووپات دەبێتەوە؛ لە جیهانی سیاسەت و لە ڕەوتی تێکۆشانی سیاسیدا هەر هێز و لایەنێکی سیاسی ڕوانگەیەکی تایبەتی خۆی و ڕوانینی تایبەتیشی بۆ دیاریکردنی بەرژەوەندییە گشتی و نەتەوەیی و خەڵکییەکان هەیە و لە ڕوانگەی خۆیەوە هەڵوێست دەگرێ و ڕوانگەکانی دەکا بە کردەوە و ئەمەش شتێکی سروشتیە و ڕەنگە زۆرجاریش ڕوانگەکان دژ بەیەک بن و خەڵکانێک پێیان خۆش بێ کە هەموو هێزە سیاسییەکان یەک هەڵوێست و یەک ڕوانگە بن، بەڵام جیاوازیی خوێندنەوە، ئاساییە و قەت ناسڕێتەوە. خستنەڕووی ڕوانگەی هەر تاک و هێزێکیش بەنیسبەت ڕوانگە و هەڵوێستی تاک و هێزی دیکەوە، هەم ئاساییە و هەم دێموکراتیک و هەم گەر دیالۆگێکی تەندروست و ڕەخنەگرانەی لێ ساز ببێ، داهاتوویەکی باش بۆ گەل بونیات دەنێ.
بەڵام بەداخەوە دیاردەیەکی ناشیرین زۆر جار دووپات دەبێتەوە کە ئەویش سووکایەتیکردن و بێڕێزی بەرامبەر بە هەڵوێست و کرداری یەکدیە، لەباتی دیالۆگی بونیاتنەر و ڕەخنەگرانە. لە سووکایەتی و بێڕێزیدا هیچ دەرەتانێک بۆ لێکتێگەیشتن و چاکسازیی هەڵوێستەکان نامێنێ و تەنیا لە بۆسەی ئەوەدا دەبین تاکوو لە داهاتوودا قەرەبوو بکەینەوە و هەڵە لە یەکدی بدۆزینەوە و لێکی لە هەڵا بدەین؛ ئەوە دیاردەیەکی ناتەندروستە کە تەنیا شانتاژچی و لە کۆتاییشدا دوژمنی سەرەکیمان واتە کۆماری ئیسلامی قازانجی لێ دەکا. ت
لە پەراوێز، کورتی کەینەوە و بڕۆینە سەر ئەسڵی مەبەست:
پێش باس:
گەر لە نەتەوە ستەملێکراوەکانی دیکە لە ئێران گەڕێین و تەنیا باسی نەتەوەی خۆمان بکەین، زۆربەی هێزە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدوای چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا دەگەڕێن و هەرکام بە شێوازی دەربڕین و ئەدەبیاتی خۆیان دەیانهەوێ لە جوغرافیای سیاسیی ئێراندا ڕێگاچاری بەڕێوەبردنی دادپەروەرانەی وڵاتی ئێران و گەیشتنی کورد بە مافە ڕەواکانی بێتە ئاراوە.
تا درەنگیش نەبووە ئەوە بڵێم کە هەم ئەو ئێرانەی کە هێزە کوردییەکان بیری لێ دەکەنەوە و دەیانهەوێ وەدی بێ لەگەڵ ئەم ئێرانەی ئێستا هەیە زۆر جیاوازە و ڕۆئیای دیکەیان بۆی هەیە و هەم لە نێو هێزە کوردییەکانیشدا هەن کەسانێک کە داوای سەربەخۆیی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن و کاریان بە ئێران و کۆڵەکەکانییەوە نییە.
ئەوەیکە گرینگە ئاماژەی پێ بدەین شێوە ڕوانینی هێز و تاکی سیاسیی کوردە، بەنیسبەت پرسی کوردەوە کە وای لێدەکا بە دوای ڕێگاچارەی تایبەتی خۆیدا بگەڕێ.
چەند شێوە ڕوانین بە نیسبەت پرسی نەتەوەییەوە دەکرێ هەبن و لە نێو کوردستانیشدا هەن، کە ئاماژە بە چەند جۆریان دەکەین:
یەکەم، شێوە ڕوانینێک پێی وایە کە چەند نەتەوەی جیاواز لە ڕەوتی مێژوودا لە پەنا یەک لە جوغرافیایەک بەناوی ئێران پێکەوە ژیاون و ئێستاش درێژە بە ژیان دەدەن؛ ئەم پێکەوە ژیانەیان مەرج نییە کە حەتمەن بەشێوەی ئاشتییانە و ئارام بووبێ و پێوەندییان هەموو کات دۆستانە بووبێ. لەم ڕوانینەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە نەتەوەکان جیاوازن و هیچ کامەیان بەشێک لەوەی دیکە نین و هیچیان سەرتر لەوی دیکە نییە و مانەوەشیان لە یەک چوارچێوەی جوغرافیای سیاسیدا یان بە زەبری هێز یان بە هەر هۆیەکی دیکە بووبێ، نیشان لەوە نییە کە بە حەزی خۆیان خاکیان پێشکەشی ئەویتر کردبێ.
ڕوانینی دووهەم بریتییە لەوەی کە پێکەوە ژیان و تەنانەت شەڕی نێوان گرووپەکان و بەرژەوەندیی هاوبەشی خەڵک لە جوغرافیای سیاسی ئێراندا و پرسە کەلتوورییەکان و تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی و ... پارامێترەکانی نەتەوەیەکی بەناو نەتەوەی ئێران دروست کردووە و کوردیش وەکوو بەشێک لە نەتەوەی ئێران پێناسە دەکات کە خاوەنی تایبەتمەندیی کەلتووریی خۆیەتی.
ڕوانینی سێیەم پرسی نەتەوەیی و جیاوازیی نەتەوەیی بە شتێکی ڕووکەش و ناڕاستەقینە دەزانێ کە جیاوازییە کەلتووری و زمانییەکان دەکرێنە دەسمایەی ئاڵۆزیی نێو خەڵکان و ژیانی دادپەروەرانەی تاکەکان دەتوانێ هەموو ئەو گرفتە ڕووکەشییانە چارەسەر بکات و بسڕێتەوە و ڕووی ڕاستەقینەی درۆ ناسیۆناڵیستییەکان دەربخا.
لەم باسەماندا زۆرتر لەسەر ڕوانینی یەکەم و دووهەم باس دەکەین و ڕوانینی سێهەم نوێنەر و دەنگی خۆی هەیە کە ڕەنگە زۆری حەز لەوە نەبێ بێتە نێو ئەم باسەوە و باسەکەی پێ لاوەکی بێ.
مافی نەتەویی و بنەما تیۆرییەکانی بەشیکی زۆری هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات، خاوەنی ڕوانگەی یەکەم بەنیسبەت بوونی نەتەوەکان لە ئێران و پێناسەیان بۆ نەتەوەی کوردن؛ بەواتایەکی دیکە لە ڕوانگەی ئەو هێزانەوە، لە ئێراندا چەندین نەتەوە بوونیان هەیە و کوردیش نەتەوەیەکە کە خاوەن ماف و خاکی خۆیەتی.
لە ڕوانگەی ئەم هێزانەوە نەتەوەی کورد خاوەنی ئەو مافەیە کە خۆی و خاکەکەی ئیدارە و حوکم بکا و ڕەنگە وەڵامیان بۆ ئەو مافە جیاواز بێ؛ بۆ وێنە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو چوارچێوەیەدا کە ئیمکان و ئامادەیی سیاسی و ژیئۆپۆلیتیک و ژیئۆستراتژیک بۆ جیابوونەوە لە وڵاتی ئێران نابینێ، لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسیی ئێراندا بەدوای وەڵام بۆ مافە پێشێلکراوەکانی کورددا دەگەڕێ و دەیهەوێ کورد ئیرادەی نەتەوەیی بەسەر خاک و خەڵکەکەیدا بێنێتە دی و وڵاتی ئێرانیش شوناسێکی نوێی هەبێ کە تێیدا نەتەوە جیاوازەکان بە یەکسانی تێیدا دەژین؛ لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕاشکاوی زۆر دەمێک باسی کردووە کە گەر کورد لە ئێراندا داوای وڵاتی سەربەخۆی خۆی بکا و تەنانەت بیهەوێ لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستاندا یەک بگرێتەوە، نەک تاوانی نەکردووە، بەڵکوو مافێکی ڕەوای خۆیەتی و ئەوە یەکگرتنەوەی کوردستانی بەزۆر دابەشکراوە.
هێزە کوردییەکان کە لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسیی ئێراندا بەدوای چارەسەردا دەگەڕێن، زۆر سروشتییە کە بەدوای هاوپەیمانیشدا بگەڕێن.
سەردەمانێک لە قۆناغێکی مێژووییدا کورد پێی وابوو هێزە "چەپە سەرتاسەرییەکان" بەپێی بنەمای فیکرییان هاوپەیمانی نەتەوەی خوازیاری مافی کورد دەبن کە دواتر نموونەی حیزبی توودەمان بینی کە تەنیا کاریان خیانەت بە مافی نەتەوەکان و هەوڵدان بۆ بەلاڕێدابردنی خەباتی کورد بوو.
کورد بۆ درێژەدان بە خەباتی و بۆ سەرکەوتن بە سەر دوژمنی سەرەکی واتە کۆماری ئیسلامیدا و بۆ گەرەنتیی دەسکەوتەکانی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، پێویستی بە هاوپەیمان هەیە و لەو ڕوانگەوە هەر هێزێک ڕەنگە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ جۆری هاوپەیمان و شێوازی هاوپەیمانی پێکهێنان هەبێ.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی وایە کە نەتەوە ستەملێکراوەکانی دیکەی ئێران وەکوو بەلووچ و عەرەب و ... دەتوانن (دەتوانن لەگەڵ دەبن جیاوازە!) هاوپەیمانی کورد بن؛ هەروەها پێی وایە ئەو هێزانەی لە نێو نەتەوەی فارسیشدا کە بڕوای ڕاستەقینەیان بە دێموکراسی هەیە، دەکرێ هاوپەیمانییان لەگەڵ پێک بێ و پاڵپشتی خەباتی ڕەوای کورد بن.
لە سەردەمانی کۆندا کە هەر نەتەوەیەک، هێزی چەکدار و ژمارەی جەنگاوەری زۆرتر بوایە دەیتوانی نیشتمانی نەتەوەکانی دیکە داگیر بکات یان لەبەرامبەر هێرشی داگیرکەراندا خۆڕاگری بکا و وڵاتەکەی بپارێزێ و لەڕاستیدا مەنتق، مەنتقی هێز بوو.
لەئێستادا جیا لە مەنتقی هێز گەر بتوانی لە نێو دەلاقە جیهانییەکان و ڕوانینە گشتییەکاندا دەریچەیەک بۆ ڕەوایی ماف و داواکاریەکانت بدۆزیتەوە، دەتوانی لەگەڵ خەڵکی دیکەدا قسە بکەی و وەک دوکتۆر قاسملوو دەیگوت، پاڵپشتی سیاسی بۆ خەباتەکەت بدۆزیتەوە؛ لەو ڕوانگەیەوەیە کە ساڵانێکی زۆرە حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکە باس لە جاڕنامە جیهانییەکان و بۆچوونەکانی سەردەم دەکەن. ئەمە جیا لەوەی کە ئەو دەسکەوتە جیهانییانە جیا لە پاڵپشتی بۆ خەباتەکەت، شێوە ژیان و ئیدارەکردنی باشتر و سەرکەوتووترت پێ دەناسێنن. هەندێک لەو دەسکەوتە جیهانییانە، بریتین لە دێموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی گەلان و مافی دیاریکردنی چارەنووس و ....
یەکێک لەو بەڵگە گرنگانەی کە بەردەوام ئاماژەیان پی دەدرێ، جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤە کە ئێمەی ستەملێکراو دەستی پێوە دەگرین و خۆمان بە لایەنگری نیشان دەدەین. هەرچەند ئەو جاڕنامەیە زۆرتر باس لە مافی تاک دەکات و بۆ دابینکردن مافی تاک دەسکەوتێکی پڕبایەخە، بەڵام هەندێک خاڵی تێدا هەیە کە دەتوانین پیناسەی مافی کۆ و نەتەوەییشمانی تێدا بدۆزینەوە و لە ڕاستیدا بنەمای فەلسەفیی مافەکانمان لەو بەڵگە جیهانییانەدا دەستنیشان بکەین.
جیا لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، بەڵگەیەکی دیکە هەیە بەناوی "پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسیەکان" کە کەمتر باسی لی دەکرێ و بۆ خوێنەر و چالاکی سیاسی لە ئێراندا کەمتر ناسراوە کە دواتر ئاماژە بە هۆکاری کەمتر ناسراوبوونەکەی دەکەین.
لێرەدا چەند خاڵ لەو بەڵگە و پەیماننامە ئاماژە پێ دەدەین کە پێوەندییان بە مافی گرووپ و کۆمەڵەوە هەیە:
خاڵی ١٥ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ باس لە مافی نەتەوەیی دەکا کە فارسەکان تەنیا پێناسەی "تابعیت"ی لێ دەخوێننەوە و ئێمەی کوردیش دەتوانین پێناسەی "نەتەوەبوون"ی لێ بخوێنینەوە.
خاڵی ١٥ دەڵێ:

Everyone has the right .to a nationality
No one Shall be arbitrarily deprived of his nationality nor denied the right to .change his nationality

مانا فارسیەکەشی ئاوا لە هەندێ شوێن کراوە:
" هر انسانی محق به داشتن تابعیتی [ملیتی] است. هیچ احدی را نمیبایست خودسرانه از تابعیت [ملیت] خویش محروم کرد و یا حق تغییر تابعیت [ملیت] را از وی دریغ نمود."
لەم خاڵەدا بەرونی باس لە مافی خۆبەئەندامی نەتەوەیەک زانین دەکات و لایەنە سیاسی و فیکریە فارسەکان لە زۆربەی هەرەزۆری شوێنەکان تەنیا پێناسەی "تابعیت" یان ئەندامی وڵاتێک یان بۆ Nationality کردووە کە دەیانهەوێ نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا نەزانن کە بە پێی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، دەتوانن داوای پێناسەی تایبەتی نەتەوەیی خۆیان بکەن و مافێکی ڕەوای جیهانییە.
لەمە ڕوونتر و گرنگتریش پەیماننامەی مافە سیاسی و مەدەنییەکانە کە لە ٢٥ی سەرماوەزی ١٩٦٦ پەسند کراوە و ئێرانیش ساڵی ١٣٤٧ ئەو پەیماننامەیەی واژۆ کردووە. لەو پەیماننامەیەدا ئاماژە بە زۆر خاڵی گرنگی سیاسی و مەدەنی کراوە کە مافێکی زۆر بۆ گرووپ و کۆمەڵگاکان دابین دەکا، بەڵام لە خاڵی یەکەمی ئەو پەیماننامەیەدا بە ڕوونی باسی مافی نەتەوەکان هاتووە:
خاڵی یەکەمی کە مافەکان دیاری دەکا ئەمەیە:

All peoples have the right of self-determination. By virtue of that right they freely determine their political status and freely pursue their economic, social and .cultural development

مانا کوردییەکەشی دەبێتە ئەمە:
" هەموو گەلان خاوەنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانن؛ بەپێی ئەم مافە، گەلان بە ئازادانە وەزعی سیاسیی خۆیان دیاری دەکەن و بەشێوەیەکی ئازادانە وەدوای گەشەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییان دەکەون."
لەم خاڵەدا بە ڕوونی باسی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ چەمکێک بە ناوی "people" کردوە؛ نە باسی تاک و نە باسی نەتەوەی خاوەن دەوڵەت کە زۆرتر بە "Nation" دەناسرێ، بەڵکوو باسی گەل دەکا ئێستە ئایا دەوڵەت هەبێ یان نا، گرنگ نییە .
هەر لەبەر ئەو مافە گشتی و کۆیانەیە کە بۆ گەلان و کۆمەڵگاکان بە ڕەوا بینراوە و لە پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا هاتووە، ڕووناکبیر و سیاسیی فارس زۆر باسی ئەو پەیماننامە ناکەن و هەر کە باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکەی، دەڵێن ئەو مافە بۆ نەتەوەی خاوەن دەوڵەت دیاری کراوە و بە ڕای ئەوان نەتەوەی دەسکردی ئێرانە کە خاوەنی ئەو مافەیە نەک کورد و عەرەب و بەلووچ و ...!
تا ئێرە پێم وایە بنەمایەکی سیاسی، فەلسەفی و ستراتژیکمان بۆ پێناسەکردنی خۆمان و مافە نەتەوەییەکانمان باس کردووە و بەو شێوەیە ڕەواییەکی جیهانیش بە داواکارییەکانمان دەدەین، بەڵام ئەوەی گرنگە و دەمهەوێ باسی بکەم چەواشەکاریەکە، کە هەندێک لە تێڕوانینی نێو نەتەوەی فارس کە تێڕوانینێکی شۆڤێنیستییان بۆ پرسەکان هەیە، لە نێو کەشی سیاسیی ئێراندا چەسپاندوویانە.
ئەو چەواشەکاریە بریتییە لە هێنانە ئارای چەمکێک بەناوی "حفظ تمامیت ارضی" کە وا نیشان دەدەن ئەم چەمک و دەستەواژەیە شتێکی جیهانییە و لە بەڵگەکانی مافی مرۆڤیشدا هاتووە و هەر چالاکێکی سیاسیی ئێران دەبێ پابەندی بێ!

چەمکی چەواشەی "یەکپارچەیی هەرێمیی ئێران"
لە هەموو بەڵگە و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و مافی گرووپ و نەتەوەکاندا بگەڕێ، شتێک بە ناوی "پاراستنی یەکپارچەیی وڵات" یان خاک نابینیتەوە.
جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، کە سەرتاپا باسی مافی مرۆڤەکان دەکا و لەبەرامبەر دەسدرێژییەکانی دەوڵەتەکاندا دیفاع لە مرۆڤەکان و کۆمەڵگاکان دەکات و نەک باسی یەکپارچەیی هەرێمی و ئەو چەمکە شۆڤێنیستیە ناکا، بەڵکوو بە ڕوونی باس لە مافی مرۆڤەکان بۆ هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و تەنانەت لە خاڵی ٢٨ی جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا باس لە نەزم و یاسایەکی نێونەتەوەیی و کۆمەڵایەتی دەکا کە دەبێ بۆ پاراستنی مافی مرۆڤەکان پێک بێ و مافی مرۆڤ لە پێشەوەی سەروەریی دەوڵەتانەوە دادەنێ و "اولویت" بە مرۆڤ دەدا نەک ئیرادەی دەوڵەتەکان.
پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و هەروەها پەیماننامەی مافە ئابووری و فەرهەنگییەکان و پرۆتۆکۆلە هاوپێچەکانیان، هەموویان باسی مافی مرۆڤەکان و گرووپەکان و گەلان دەکەن.
لە ڕاستیدا ئەوەیکە لە فەلسەفەی ئەو پەیمان و جاڕنامانەدا دەبینرێ، بریتییە لە بایەخدان بە مرۆڤ نەک بایەخدان بە ئیرادەی دەوڵەت و هەرێمی ژێردەسەڵاتەکەی؛ ئەگەر ئەو دەسەڵاتەش دژەئینسانی و دژی

درێژە لە لاپەڕەی ٦

درێژەی لاپەڕەی ٥

دێموکراسی بێ، ئەوە ئیتر ڕێگە بە نەزمی نێونەتەوەیی دەدا کە گوشاری بۆ بێنێ تاکوو ڕەچاوی مافی تاکەکان و گرووپ و گەلانی ژێردەستی بکا.

تەنیا شوێنێک کە لە بەڵگە جیهانییەکاندا باس لە سەروەریی دەوڵەت و یەکپارچەیی هەرێمی دەکات، مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

لە خاڵی دووهەمی ئەو مەنشوورەدا کە پێکهاتەی UN باس دەکا و وڵاتانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە قبوڵیان کردووە هاتووە:

All members Shall refrain in their international relations from the threat or use of force against the territorial integrity or political independence of any state, or in any other manner inconsistent with the Purposes of the United .Nations

ئەم خاڵە دەڵێ:

" هەموو ئەندامان لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانیاندا خۆیان دوور دەگرن لە بەکارهێنانی هەڕەشە یان زۆر بە دژی یەکپارچەیی هەرێمی یان سەربەخۆیی سیاسی و هەردەوڵەتێک، یان بەکارهێنانی هەر ڕێگەیەک کە لەگەڵ بنەماکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دژایەتیی هەبێ".

ئەم خاڵە سێ کۆڵەکەی سەرەکیی تێدا ڕوون و بەرچاوە:

یەکەم باس لە دەوڵەتانی ئەندام دەکا.

دووهەم باس لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان دەکا.

سێهەم چەمکی یەکپارچەیی هەرێمیی لە پێوەندیی نێوان دەوڵەتاندا پێناسە کردووە، تا بەو شێوە سنووری دەسەڵاتی هەر دەوڵەتێکی پێ پێناسە بکات.

ئەوەیکە لە ئێران و لە بیرکردنەوەی شۆڤێنیستیدا جێی گرتووە و دەیانهەوێ بیکەن بە هێژموونیی سیاسی و هزری لە نێو هەموو ئێراندا، ئەوەیە کە بە کەڵکی نابەجێ وەرگرتن لە دەستەواژەیەک کە بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان دوو یان چەند دەوڵەت لە چارت و پێکهاتەی UN دا ئاماژەی پێدراوە، بیرۆکەیەکی چەواشە دروست بکەن کە پیرۆزی بە سنوورەکانی ئێران ببەخشێ و چەمکی " حفظ تمامیت ارضی ایران"یان لێ هەڵێنجاوە تاکوو هەموو گرووپ و نەتەوەکانی ئێران ملکەچی دەسەڵاتی ناوەندی بکەن.

لەڕاستیدا بەو چەمکە چەواشەیە هەموو خاڵ و بەندەکانی جاڕنامە و پەیماننامە جیهانییەکان پووچەڵ دەکەنەوە و پێت دەڵێن کە تۆ دەبێ سوێند بخۆی کە واز لە مافی ڕوون و بێ گرێوگۆڵی خۆت کە لە پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا هاتووە دێنی و سوێند بۆ دەسەڵاتی ناوەندی دەخۆی کە ملکەچی ئیرادەی نەتەوەی حاکم دەبی و واز لە ئیرادەی خۆت دێنی.

سەیرتر لە هەموو، ئەوەیە کە هەموو گرووپە فارسەکانیش کە ئیدیعای دێموکرات بوون و پێبەندی بە جاڕنامە جیهانییەکانەوە دەکەن، ئەوانیش هەر باس لە چەمکی شۆڤێنیستیی "پاراستنی یەکپارچەیی هەرێمی" لە نێو نەتەوەکان و کۆمەڵگای ئێراندا دەکەن و بەناوی دێموکراسی و پێبەندبوون بە مافی مرۆڤیشەوە پێت دەفرۆشن و وایان لێکردووە کە هەر حیزب و گرووپێکی نەتەوە ستەملێکراوەکان کە سوێندی ئەو چەمکەیان بۆ نەخوا، بە چاوی "تجزیه طلب" و ئامرازی دەستی بیانی دەیناسێنن.

لەبەر ئەوە، چەمکی "پاراستنی یەکپارچەیی هەرێمی" بە چەمکێکی شۆڤێنیستی دەناسین چوونکە لە دەستەواژەیەکی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لە پێوەندییەکانی نێو دەوڵەتانەوە کەڵکی نابەجێ وەردەگرێ تاکوو نەتەوە ستەملێکراوەکان لە نێو کۆمەڵگەدا ملکەچی ئیرادەیەکی ستەمکارانە بکات.

ئەوەیکە لەم ڕوانگەیەوە جێگای بایەخە، دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر هەرێمی ژێردەسەڵاتیدایە کە دەبێ ئەو هەرێمە پارێزراو بێ و دەوڵەت بەهەموو شێوەیەک دەسەڵاتی بەسەر هەرێمەکدا بسەپێنێ؛ وەها ڕوانگەیەکە، کە ڕەوایی بە دەسەڵاتی بەغداش دەدات تاکوو بە هاوکاریی سوپای پاسداران و بە هێرشی حەشدی شەعبی و خوڵقاندنی سەدان تاوان، "کەرکووک" داگیر بکاتەوە.

لەم ڕوانگە شۆڤێنیستییەدا مرۆڤەکان و گرووپەکانی کۆمەڵگە ئەساس نین، بەڵکوو ئەساس دەسەڵاتی دەوڵەتە و گەر پێویست بکا دەتوانێ هێز بەکار بێنێ تاکوو گرووپەکان ملکەچی ئیرادەی ناوەند بکا؛ لەکاتێکدا فەلسەفەی مافی مرۆڤ و گەلان، بەپێچەوانەکەیەتی.

بۆ زیاتر سەلماندنی باسەکان دەتوانین ئاماژە بە هەڵوێستی وڵاتانی وەکوو بریتانیا و کانادا بکەین و نموونەی دیکەش زۆرن بەڵام تەنیا ئەم دوو نموونەیە بەسە بۆ ئەوەی بزانین کە ئەم چەمکە تەنیا بۆ پێوەندیی نێوان دەوڵەتانە نەک نەتەوەکانی نێو وڵاتێک.

هەم لە بریتانیای دوای هاتنە ئارای چەمکی دیاریکردنی چارەنووسەوە ڕێگا بە سکاتلەند دراوە کە گشتپرسی بۆ چارەنووسی خۆی بکات و هەم لە کاناداش ڕێگەیان بە خەڵکی کێبێک داوە کە هەر کات ویستیان گشتپرسی بکەن و گەر حەزیان لێ بوو وڵاتی خۆیان دامەزرێنن.

لە هیچ باسێکی سیاسیی نێو ئەو دوو وڵاتەشدا نەیانوتووە کە گشتپرسی لە سکاتلەند یان کێبێک دژی "حفظ تمامیت ارضی"یە! ئایا بریتانیایی و کانادایەکان بە ڕادەی فارسەکانی ئێران لە مافی مرۆڤ و مافی گەلان تێنەگەیشتوون؟

یان کاتێک کە کوردستانی عێراق ویستی گشتپرسی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی بکا، ئەوە تەنیا حکومەتی تورکیە و ڕێژیمی ئێران و هێزە فارسەکان بوون کە باسیان لە چەمکی پاراستنی یەکپارچەیی عێراق دەکرد و تەواوی هێزەکانی جیهان تەنیا دژایەتییان بەرامبەر بە کاتەکەی هەبوو کە دەیانگوت شەڕی دژی داعش لاواز دەکا، یان دەیانگوت لەگەڵ بەغدا بە ڕێککەوتن بیکەن با ئاڵۆزی پێک نەیەت؛ قەت نەیانگوت ئەوە دژی یەکپارچەیی هەرێمیی عێراقە و مافی کورد نییە!

گەر پاراستنی یەکپارچەیی هەرێمی ببێ بە بنەمای بیرکردنەوەمان، لە ئێرانی داهاتووشدا کە کۆماری ئیسلامی نەمابێ و دێموکراتیکیش بێ، ئەوکات گەر نەتەوەیەکی غەیرە فارس و غەیرە کورد ویستی دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ، ئەوە دژی یەکپارچەیی هەرێمی ئێران دەبێ و ئەوکات کورد دەبێ یارمەتیدەر بێ تاکوو دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر ئەو گەلەدا بسەپێ!

یان گەر لە نێو کورددا هێز و لایەنی وەها پەیدا بوو کە داوای دامەزرانی دەوڵەتی کوردستانی کرد، ئەوکات دەبێ دژی بوەستینەوە چوونکە بنەمای بیرکردنەوەمانی بردۆتە ژێر پرسیار و دژی کار دەکا!

ئەوەیکە بیرکردنەوەی شۆڤێنیستی دەیکات، تەفسیری دڵخوازیەتی لە بەڵگە و پەیمان و دەسکەوتە جیهانییەکان کە ڕێک بەپێچەوانەی شۆڤێنیزیم بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و گەلان لەدەست دەسدرێژییەکانی دەوڵەت هاتوونەتە ئاراوە.

چەمکی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵات تەنیا دەکرێ لەبەرامبەر دەوڵەتانی دیکەدا پێناسە بکرێ . وەکوو ئەوکاتەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕایگەیاند کە لەبەرامبەر هێرشی ڕێژیمی عێراقدا ئامادەیە دیفاع لە ئێرانێک بکا کە مافی کوردی تێدا پارێزراو بێ.

تاکتیکێک کە سەری ستراتژی و ئامانجەکان دەخوا

لە پێوەندی لەگەڵ هاتنە ئارای دەستەواژەی "حفظ تمامیت ارضی"دا و قبووڵکردنی لە لایەن هەندێک کەسەوە لە نێو کورددا، زۆرتر پەنا دەبرێتە بەر ئەو پاساوەی کە ئەو خاڵە وەکوو تاکتیکێکە تاکوو دڵی هەندێک لە گرووپە سەرتاسەرییەکانی پێ ڕازی بکرێ و ئەو خاڵە بە جۆرێک ئاماژەی پێکراوە، یان دەکرێ کە بەتەواوی ئەو شێوە ڕوانینەی گرووپە فارسەکانی تێدا نەهاتووە و لە پێناوی قبووڵکردنی مافی نەتەوەکانەوە لەلایەن ئەو گرووپانەوە، ئەو ئیمتیازەیان پێدەدرێ تاکوو بتوانن هێز و گرووپە فارسەکانی دیکە رابکێشن.

ئەوەیکە گرنگە و لە پێوەندییە سیاسیەکاندا بەرچاو دەگیرێ ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئامانجەکاندا ستراتژی دادەڕێژرێ و لە چوارچێوەی ستراتژیی ڕووندا، هەندێک تاکتیک دەگیرێتە بەر؛ لە تاکتیکیشدا دەستی هەر هێز و لایەنێک ئاوەڵایە کە تاکتیکەکانی خۆی دابڕێژێ و کەس ناتوانێ تاکتیک بۆ لایەنی دیکە دیاری بکا، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە تاکتیک لە چوارچێوەی ستراتژیدا بێ، نە ئەوەیکە تاکتیکێک خودی ستراتژی بباتە ژێر پرسیار و لەوەش خراپتر ئەو تاکتیکەیە کە "ئامانج" لاواز دەکات و سەری ئامانج دەخوا.

لە پێوەندی سیاسی و هاوکاریی هێزەکانی سەر بە نەتەوە ستەملێکراوەکان و هێزە فارسەکاندا، دیارە کە دەبێ هەندێ تاکتیک بگیرێتە بەر کە لایەنی بەرامبەریش پێی ڕازی بێ و ڕەنگە بە دڵی تۆ نەبێ، بەڵام دڵی ئەوی پێ رابکێشی؛ بەڵام ئایا لایەنی فارس ئامادەیە بە ڕوونی باس لە پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان کە پەنجا ساڵە واژۆیان کردووە بکا و بە ڕوونی بڵێ مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکان و یەک لەوان کورد قبووڵ دەکا؟

لەکاتێکدا باوەڕمان وابێ کە ئێران لە چەند نەتەوەی جیاواز پێک هاتووە کە هیچیان سەرتر لەویتر نین، ئیتر پێکەوەژیان و پێکەوە بوونیشمان دەبێ بە ویست و حەزی خۆمان بێ و ئەوە دەوڵەتی هاوبەشە کە دەبێ ئەوەندە جەزابیەتی هەبێ کە هیچ کام لە نەتەوەکان حەزیان لە جیابوونەوە نەبێ، نەک نەتەوەکان سوێند بخۆن کە بە هەموو شێوەیەک ملکەچی ئیرادەی "پاراستنی یەکپارچەیی هەرێمی" دەبن.

کاتێک کە دەستەواژەیەکی شۆڤێنیستیمان قبووڵ کرد کە هەموو بنەما هزری و فەلسەفییەکانی بوون و مافەکانمان دەباتە ژێر پرسیار، ئیتر ئەوە تاکتیک نییە، بەڵکوو دەسبەردانەوە لە ئامانج و بڕواکانیشە.

گەر بڕوامان وابێ کە لە سەرەتاوە ئاماژەم پێدا کە پرسی نەتەوەیی لە ڕوانگەی دووهەمەوە ببینین، واتە قایل بە نەتەوەیەک بە ناوی ئێران بین و کوردیش بەشێک لەو نەتەوە بێ، ئەو کات قبووڵکردنی وەها دەستەواژەیەک ڕەنگە شکڵی تاکتیک بەخۆوە بگرێ، بەڵام لە بیرکردنەوەیەکی وەک شێوە ڕوانینی یەکەمدا، "حفظ تمامیت ارضی" ترازان لە ئامانج و ڕووخاندنی ستراتژییە؛ سازش لە تاکتیک و بەرژەوەندییە کاتیەکان دەکرێ و ڕەنگە لە حاڵەتی لاوازیی هێزدا هەندێ لە ماف و داواکارییەکان بەشێوەی کاتی باسیان نەکرێ، بەڵام سازان لەسەر بنەما و ڕوانگە و ئامانج ناکرێ.

# داهاتوی ڕەشی ئێران لە دەلاقەی بوودجەی ساڵی داهاتوودا

ئەلبۆرز ڕۆئین تەن

بوودجەی هەر وڵاتێک بەرنامەی داهات و خەرجییەکانی ئەو وڵاتەیە کە خۆی لە چەند بەشدا پێک دێت؛ بە شێوەیەکی گشتی ئەو بەرنامەیە دەدرێت بە پارلمانی هەر وڵاتێک بۆ ئەوەی ببێ بە یاسا و بۆ ساڵی داهاتوو ڕێژەی داهات و خەرجییەکانی وڵات دیاری دەکات.

بێ گومان بۆ لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە کون و قوژبنەکانی بوودجەیەکی وەها گەورە وەکوو بوودجەی ئێران، وێڕای پسپۆڕی، کات و سەرچاوەی تایبەتی پێویستە و زیاتر نوێنەرانی ڕاستی خەڵک لە پارلماندا ئەو کارە دەکەن، بەڵام بە چاوخشاندنێکی کورت و خێرا دەکرێ لە چۆنیەتی و تایبەتمەندییەکانی بوودجەی ئێران تێبگەین کە چەندی بە قازانجی خەڵک و بەتایبەتی هەژارانە یان تا چ ڕادەیەک بۆ پێشکەوتنی وڵات و خوشبژێوی خەڵکە یان بە پێچەوانەوە چەندی بۆ مەبەستی تایبەتی ڕێژیمە کە خۆی لە شەڕئەنگێزی و پەروەردەی تیرۆر دەبینێتەوە.

ئێمە نەک لە سەر بنەمای دوژمنایەتی ڕێژیم ئەو قسەیە دەکەین بەڵکوو لە سەر بنەمای ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەکان و بەڵگەکانی بەر دەست باسی ئەم بابەتە دەکەین؛ بۆ نموونە کاتێک دەڵێین بوودجەی ئێران بۆ تیرۆر دابین دەکرێت قسەی خودی کاربەدەستانی ڕێژیمە؛ "محەمەد جەوادی جەمالی" بەرپرسی کۆمیسیونی بەرگری لە بە ناو مەجلیسی ڕێژیمدا دوای پێشکەش کردنی بوودجەی ساڵی داهاتوو، لەلایەن سەرکۆمارەوە ڕایگەیاند: "سەرەتیی بوودجەی لەشکری بۆ موشەک و سپای قودس دەبێت". تەنانەت جەختی لەوە کردەوە "ئەگەر دەوڵەت کەمتەرخەمیشی کردبێت هەوڵ دەەین بوودجەی زیاتری بۆدابین بکەین".

ئەگەر ئەرکی سپای قودس بە دەرکەوتنەکانی قاسم سلێمانی لە ناوچەدا هەژمار بکەین ڕوون و ئاشکرایە کە لە هەر کوێ شەڕ و نائارامی هەبێت، ناوبراویش لەوێیە؛ واتە سامانی وڵاتێکی وەک ئێران و کوردستان بۆ شەڕئەنگێزی و تیرۆر کەڵکی لێوەردەگیرێت و ئەوەش بەئاشکرا و بەیاسا دەیکەن.

یەکێک لە خاڵە سەیرو سەمەرەکانی بوودجە ئەوەیە کە وێڕای زیاد کردنی لە ١٠٨٥ هەزار میلیارد تمەنەوە بۆ ١١٩٥ هەزار میلیارد تمەن، یارانەی خەڵکیش دەبڕدرێت؛ پێم وایە چەند نمونەی خوارەوە لە بوودجە باشتر نیشان دەدات کە بۆچی هیچ کات ئابووریی لە خزمەتی خەڵکدا نەبووە بەڵکوو دەستی تاقمی دەسەڵاتدار زیاتر ئاوەڵا دەکات.

بوودجەی دەزگای ڕێبەری لە زانکۆکاندا زیاد کراوە؛ بوودجەی دەزگای "دادستان ویژەی روحانیت" بە بەرپرسایەتیی ئیبراهیم ڕەئیسی، نزیکەی ٣٣ میلیارد تمەن زیادی کردووە؛ بوودجەی قەرارگەی "خاتەمولئەنبیا"١٠ هەزار میلیارد تمەنە کە لە دانی خەراجیش بەخشراوە، هەم بوودجەیەکی وەها زەبەلاحی بۆ دابین دەکرێت و هەم زۆرترین پرۆژەی دەوڵەتیش وەردەگرێت و لە دانی خەراجیش بەخشراوە چوونکە سەر بە سپای پاسدارانە.

بە سەدان دەزگای سەر بەم ئاخوند و ئەو ئاخوند هەیە کە بە هەزاران میلیارد تمەنی بۆ خەرج دەکرێت؛ لەوانەش زیادکردنی دووبارەی بەشە بوودجەی دەزگای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خومەینی بە بەرپرسایەتی سەید حەسەن خومەینی کە نزیکەی ٧٢ میلیارد تمەنە یان دەزگای ئایەتوڵا ناسری مەکارمی شیرازی بە ٣٠٥ میلیارد تمەن و دەزگای مێسباحی یەزدی بە ٢٨ میلیارد تمەن و دەزگای ئایەتوڵا کاشانی بە ١٢ میلیارد تمەن.

بە گوێرەی ئامارەکانی دەزگای دەسپاکی جیهانی، ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لەباری دەسپاکییەوە کارنامەیەکی لێڵ و تەماوی هەیە؛ هەر بۆیەش چۆنیەتی خەرج کردنی ئەو میلیارد میلیارد تمەنانە دیار نییە و تەنیا بۆ خۆیان لێی ئاگادارن.

دەتوانم بڵێم ئەوە تەنیا بەشی دیاری ئەو تەخشان وپەخشان کردنەی سامانی وڵاتە، کە لە بوودجەدا هاتووە بەشی زۆری ئەو داهاتانەی کە دیار نین و مڵکی گشتین ،تاقمی دەسەڵاتی کردووە بە ئیمپراتۆریی مافیایی و پارە لە ناوچەدا.

ئەگەر تەنیا یەک نمونە لەو بابەتانە بهێنمەوە دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە دەزگای "آستان قدس رضوی" بە سەرپەرشتی ئیبراهیم ڕەئیسی و نزیک لە خامنەیی کە سامانەکەی بە میلیاردها دۆلار بەراورد دەکرێت وێڕای هەبوونی گروپی گەورەی کۆمپانیایی و هۆتێل و پڕۆژەی داهاتزا، تا ئێستاش لە دانی خەراجیبێبەری کراوە و جیا لە ڕێبەری ڕێژیم و خودی ڕەئیسی هیچ کەس نازانێ داهاتەکەی چەندەیە و بۆ کوێ دەچێت. ئەوەش لە کاتێکدایە کە نرخی بێکاری بە پێی خودی ئامارەکانی ڕێژیم، ١١.٥ لە سەدە کە جێگای باوەڕ نییە و بەدڵنیاییەوە زۆر لەوەش زیاترە.

ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین بۆ سەرووی ٢٠ میلیۆن زیادی کردووە؛ ئاماری بە کارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لە سەرووی ٥ میلیۆن کەسە؛ بە هەزاران تۆن بەرهەمی وەرزێڕان دەڕژێ و بە دەیان یەکەی بەرهەمهێنەری تایبەت دادەخرێن؛ کۆچی خەڵکی لێهاتوو و شارەزا و بە دەیان قەیرانی تری ژینگەیی و کۆمەڵایەتی داهاتووی ژیان لە ئێران بە نەشیاو نیشان دەدات.

سەرەڕای هەموو ئەو قەیرانانە بەشی زۆری بوودجەی ئێران بۆ ناوەندە لەشکری و تیرۆریستی و ئایینیەکان بە فەرمی دابین دەکرێت و بەوەش ناوەستن؛ هەزاران میلیارد لە نێو تاقم و باندەکانی نێوخۆیان بەدزی و لە ژێرەوە دابەش دەکەن و هەواڵی دزییە هەزاران میلیاردییەکانیش هەر بە جێگای خۆی.

لە کاتێکدا کە دەبێ بوودجەی وڵاتێک بۆ پەروەردە و پێگەیاندن، بۆ ئاوەدانی و خوشگوزەرانی، بۆ پێشخستن و پێشکەوتن بەکار بهێنرێت، دەبینین ڕاستییەکانی ئێستای ئێران شتێکی ترە، بەڵام ئەوەی گرنگە دەمهەوێ لە کۆتاییدا ئاماژەی پێ بکەم ئەو تابلۆیەیە کە بەخت ڕەشی خەڵکی کوردستان و ئێران لە ژێر حوکمڕانی ڕێژیم نیشان دەدات، هەر چرکەساتێک کە ڕێژیم بەردەوام بێت لە ژیانی، وڵات بە ساڵ وەدوادەکەوێت و لە کێبڕکێی ئابووری پاش دەکەوێت و ژیانی خەڵکیش بەرەو لە نێوچوونی زیاتر دەچێ. سەیری زۆربەی ئەو وڵاتانەی ناوچە و جیهان بکەن کە تا ٣٠ ساڵ پێش ئێستا لە هەژاریدا دەژیان بەڵام ئێستا بە هەموو پێوەرەکان لە ڕووی ئابووری و خۆشگوزەرانییەوە لە پێشەوەی ئێرانن، کەواتە نەهێشتنی حوکمڕانییەکی وەها نادادپەروەر و ڕزگارکردنی وڵات لە ژێر داگیرکاری، تەنانەت ئەگەر لە سۆنگەی ئابووریشەوە بێت، خزمەتێکی گەورە بە مرۆڤایەتی و نەتەوەکانی ئێرانە.



# دوکتور قاسملوو، بزاڤی ڕاسیۆنالیزمی سیاسەت لە کوردستاندا



ئارەش سالْح

لە هەندێک لە زانکۆکانی جیهان هزری سیاسی، جیا لەو پۆلێن بەندیە بابەتییەی کە دەکرێت، پۆلێن بەندییەکی جوگرافیشی بۆ دەکرێت؛ بۆوێنە لە هەندێک لە زانکۆکانی ئامریکادا وانەی "هزری سیاسی ئامریکایی"، واتە ئەو بنەما هزریانەی کە پێکهاتەی سیاسەت و شوناسی ئامریکاییان پێکهێناوە، وەکوو وانە دەوترێتەوە.

ئەگەر ئێستا لە کوردستان ئەم بابەتە لە یەکێک لە زانکۆکاندا بێتە ئاراوە و هەوڵ بدرێت وانەی "هزری سیاسی لە کوردستان" وەکوو وانەیەک بوترێتەوە، بە "دوکتور قاسملوو" دەست پێ دەکات و هەر بەویش کۆتایی پێ دێت؛ بۆ ئەوەی بتوانین لە روانگەیەکی ترەوە چاو لە گرینگی ئەم بابەتە بکەین با قسەیەکی "هانا ئارێنت" بێنینە بەرچاو کە دەڵێت: "ئەگەر وەکوو جوویەک لە من زوڵم کرا، پێویستە منیش وەکوو جوویەک بەرگری لە خۆم بکەم"؛ بەڵام بابەتەکە بەوە تەواو نابێت بەڵکوو هەروەک هەمووومان دەزانین هزری سیاسی هانا ئارێنت، سەرەڕای ئەو حوکمە بەهێزە ئیتنیکیە، کەمترین بۆنی سیاسەتی ئیتنیکی لێوە دیارە. سۆنگەی هەستانی دوکتور قاسملوو، بەرگرییە لە خودی زوڵملێکراو وەکوو کوردێک بەڵام ئەو سۆنگە واتابەخشی هەموو جیهانی سیاسی دوکتور قاسملوو نەبوو؛ ئەوەیکە دوکتور قاسملوو لەهەموو دەوروبەری و لە پێش خۆی و لە پاش خۆی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەگەرچی نەتەوەییترین ڕێبەری سیاسی کورد بووە، بەڵام بەردی بناغەی ڕاسیۆناڵیزمی سیاسەتی لە کوردستان داناوە.

بەکارهێنانی نەتەوەییترین ڕێبەری کورد لەسەر بنەمای هەست و سۆز و خۆشەویستی و رق و قین نییە بەڵکوو پشتی بە جۆرێک خوێندنەوە لە هەڵسوکەوت و ڕێبەرایەتی دوکتور قاسملوو بەستووە؛ دوکتور قسملوو نەتەوەییترین بووە نەک بەو مانایەی کە نەریتیترین بووە، یان بۆ وێنە هەموو کات رانکوچۆخەی لەبەر کردووە یان ئیدیعای چوارپارچەیی کردووە، بەڵکوو بەو مانایەیە کە لە سیاسەتی عەمەلیدا یەکەم: زیاتر لە هەر ڕێبەرێک توانای ناسینی بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردی هەبووە و دووهەم: بە باشترین شێوە ئەو بەرژەوەندییەی لە سیاسەتە نێوخۆیی و ناوچەییەکەی رەنگی داوەتەوە؛ واتە دوکتور قاسملوو نەتەوەیی بووە نەک لەبەر ئەوەی زیاتر و بەرزتر لە کەسانی دیکە دروشمی داوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هێورتر لە هەموویان و بە بێ هیچ نمایشێک بەڵام لە کردەوەدا لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گەلی کورد هەڵسووکەوتی کردووە.

ئەم راستییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دوکتور قاسملوو، بەپێچەوانەی هەموو ڕێبەرەکانی دیکەی کورد، توانیویەتی سیاسەت و ئەکتی سیاسی راسیۆنالیستی بکات و رەهەندێکی هزری پێ ببەخشێت بە ناوی سوسیالیزمی دێموکراتیک.

ئەو تایبەتمەندییەی هزری سیاسی کە لە بۆڵەبۆڵ و تەنانەت خواستی سیاسیش جیای دەکاتەوە ئەوەیە کە سیستمێکی واتادارمان پێ دەبەخشێت کە کێشەی کورد لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی دنیای مودێڕن و لە چوارچێوەی چەمک و دەستەواژەکانی تایبەت بەو دنیایە دووبارە پێناسە دەکاتەوە.

بۆ ئەوەی بتوانین گرینگی ئەو بابەتە لێک بدەینەوە پێویستە چاوێک بە گرینگترین تایبەتمەندی کۆمەڵگای کوردستان لە رووی کەلتوورییەوە بخشێنین؛ کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی شوانپیشەیی بووە، کەلتووری نووسراو لە نێو ئەم کۆمەڵگایەدا رابردوویەکی ئەوتۆی نییە. بۆ وێنە ئەگەر عەرەب، فارس یان تورکی دراوسێ، هەرکام لەم پێوەندییەدا، رابردوویەکی زۆر لاوازیان لەچاو وڵاتانی ئەورووپایی هەیە، کۆمەڵگای کورد بەبەراورد لەگەڵ دراوسێکانی رابردووەکەی لاوازترە. وەها کەلتوورێک ناتوانێت سیستمێکی فکری بەهێز بەرهەم بێنێتەوە کە لەرێگەی ئەو سیستەمەوە تاکی کورد بتوانێت خۆی پێناسە بکات و واتا بە پێوەندی خۆی لەگەڵ دەرەوەی خۆی ببەخشێت.

تایبەتمەندی مرۆڤێک کە تووشی کەلتوور بووە ئەوەیە کە، بۆ ئەوەی بتوانێت لەلایەکەوە خۆی مانا بکات و لەلایەکی تریشەوە پێوەندییەکانی نێوان خۆی و کەسانی تر و سرووشت رێک بخاتەوە پێویستی بە وەها سیستەمێکی هزری و چەمکەکانی تایبەت بەو سیستەمە هەیە. دراوسێکانی ئێمە هەرکام دەتوانن لە دین یان خوێندنەوەیەکی جیاواز لە دین بۆ ئەو مەبەستە کەڵک وەربگرن و بەم شێوە ئیسلام لە نێو عەرەبدا، ئایینی زەردەشتی و شیعە لە ناو فارسدا و خەلافەت ( وەک سیستمی هزری نەک وەک دامەزراوە) لە نێو تورکدا توانیویەتی ئەو رۆڵە بۆ ئەوان بگێڕێت، بۆیە سیاسەت و سیاسەتپیشەیی لە نێو ئەو نەتەوانەدا بێجگە لە رێچکەیەکی ئێتنیکی، خاوەن بنەمایەکی لێکدانەوەییش بووە. هەربۆیە بەو رادەیە کە ناسیوناڵیزمی نەتەوەکانی سەردەست بە کەڵک وەرگرتن لە ئایین توانیویانە خۆیان ئاڵۆزتر و بەهێزتر بکەن، هەر بەو رادەیەش ناسیوناڵیزمی کورد، عەبدوڵا پەشێو وتەنی تەنیا "قیرە و لینگکوتان" بووە؛ ئەمە وای کردووە کە نەتەوەی کورد لەجیاتی سیاسەتێکی نەتەوەیی، یان هەر دوور بێت لە سیاسەت کردن یان لەو شوێنەش کە سەودای سیاسەت لە ژێر ناوی کورد بۆی بووە بە هەوێن، زیاتر تووشی سیاسەتی خاو و ساویلکانەی ئیتنیکی بووە.

بەڵام هەوڵی دوکتور قاسملوو بۆ چەسپاندنی سوسیالیزمی دێموکراتیک وەکوو ئەو سیستمە فکریە بۆ جووڵانەوەی کورد بزاڤێک بوو کە دەتوانین بە راسیۆناڵیزمی سیاسی لە نێو کورددا ناوی ببەین. ئەگەرچی یەکەم تیشکەکانی ئەم جووڵەیە لە کۆماری کوردستان دەست پێ دەکات بەڵام لە راستیدا ئەوە دوکتور قاسملوو بوو کە ئەم بزاڤە هزریەی گەیاندە خانەی خۆی. ئەو بزاڤە هزریەی کە دوکتور قاسملوو لە نێو حیزبەکەی خۆیدا دەستی پێکرد، بۆ هەتاهەتایە گۆڕانی بە سەر رواڵەت و چییەتی سیاسەت لە نێو کۆمەڵگای سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستاندا هێنا.

پڕۆسەی بەهزری کردن لە ئاستی کۆمەڵایەتی- سیاسیدا بە پڕۆسەیەک دەوترێت کە لەوێدا بنەما یان هەڵخڕێنەری هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە بەها کۆمەڵایەتییەکان، هەست و سۆز و نەریت دەگوزارێتەوە بۆ ئەو چەمکانەی کە لەسەر بنەمای عەقڵ یان ئێستدلال و لۆژیک یان هزر هاتوونەتە ئاراوە.

کۆماری کوردستان بۆیە بە دەسپێکی ئەو جووڵەیە دێتە ئەژمار، چوونکە بۆ یەکەم جار کوردی لە بەرامبەر مێژووییترین و گیانسەختترین پرسیاری فەلسەفە دانا، ئەویش ئەوەیە کە حوکمڕانی باش چییە و چ تایبەتمەندیگەلێکی هەیە؟ حکوومەتی کۆماری کە وەکوو یەکەمین پێکهاتەی سیاسی مودێڕن لە نێو کورددا هاتە ئاراوە، دەریدەخات کە ئەوە یەکەمجارە پێکهاتە نەریتییەکان رووبەڕووی چالەنج دەکرێنەوە و پرسیار لە کارامە بوونیان بۆ رێکخستنی کۆمەڵایەتی دەکرێت و پێکهاتەیێکی مودێڕن لە بەرامبەریان دادەنرێت.

جەواد تەباتەبایی لە باسێکدا لەسەر هۆکارەکانی نشستی هزری سیاسی لە ئێراندا دەڵێت:"هاتنی مودێڕنیتە بۆ ئێران هیچکات نەیتوانی نەریت، رووبەڕووی چالەنج بکاتەوە و دامەزراوە مۆدێڕنەکان کە تازە هاتبوونە نێو ئێران هیچکات نەیانتوانی رووبەڕووی دامەزراوە نەریتییەکان کە لەوێ بوون بوەستنەوە، بەڵکوو هەموو دامەزراوە مودێڕنەکان بە خۆشحاڵییەوە لەگەڵ هەموو دامەزراوە نەریتییەکان درێژەیان بە ژیانی خۆیاندا، کەچی ئەو دوو دەستە دامەزراوەیە لە زاتی خۆیاندا دژ بە یەکن؛ بۆ وێنە زانکۆ و قوتابخانەی مودێڕن و حەوزەی عێلمیە نەتەنیا هیچکات دژایەتی لە نێوانیاندا ساز نەبوو بەڵکوو درووشمی یەکیەتی زانکۆ و حەوزە درا و داوای یەکگرتنی ئەو دوو دامەزراوە بە سرووشت دژبەیەکە دەکرێت، بۆیە ئەمە وای کردووە کە نەتەنیا دامەزراوەی هزری نەریتی بۆ بەرهەمهێنانی چەمکی نوێ تووشی "تەسەلوب" ببێت بەڵکوو دامەزراوەی مودێڕنیش نەتوانێت هەوڵی هێنانی چەمکی نوێ بدات".

چارەنووسی سیاسەت لە رۆژهەڵاتدا و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا تا رادەیەک بەپێچەوانە بووە؛ دامەزراوەی دەوڵەتی مودێڕن، دامەزراوە نەریتییەکان رووبەڕووی پرسیاری قووڵ و کاریگەر دەکاتەوە و لە ئاکامدا دامەزراوە نەریتییەکان کە تا ئەو کاتە سەردەمداری سیاسەت لە کوردستان بوون ئەو دامەزراوە نوێیانە بە دوژمنی خۆیان دەزانن. بۆیە لە بوونی خۆیدا کۆماری کوردستان یەکەم تیشکی پێویستی بەهزریبوون لە کوردستاندا دەردەخات؛ ئەو تیشکە لە مندالەکەی بەرهەمی کۆمار واتە "دوکتور قاسملوو" فۆرم دەگرێت.

لێرەدا لە پێناو خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە و زۆر بە کورتی پێویستە ئاماژە بکرێت کە ئەم رووبەڕووبوونەوە، لە بەشەکانی تری کوردستان بە دوو هۆکار نایەتە ئاراوە. یەکەمیان لە باشووری کوردستان، سەرەڕای ئەوەیکە حیزبی مودێڕن دادەمەزرێت بەڵام ئەو حیزبە مودێڕنانە لە مێنتاڵیتەی خۆیاندا هەمان دووپات کردنەوەی پێکهاتە کۆنەکانن و لەهەمان کاتیشدا بەجێگەی ئەوەیکە بۆ داخوازی گۆڕانکاری و بۆ گەیشتن بە ئازادی بەشێوەیەکی جیددی رووبەڕووی کۆمەڵگای باشوور و دامەزراوە نەریتییەکانی ببنەوە کە ژینگەی سیاسی ئەوانن، بۆ بەردەوام بوونی ژیانی خۆیان ناچار دەبن کە دەست بخەنە نێو دەستی پێکهاتە نەریتییەکان. هەروەها لە باکووری کوردستان بە هۆی ئەوەیکە دامەزراوە نەریتییەکانی کورد وەک قەڵایەک چاویان لێ دەکرا بۆ پێشگرتن لە توانەوە لە مودێڕنیتەی ئاتاتۆرکی، هەر بۆیە لە کۆمەڵگای باکوور کەلێنی نەتەوەیی هاوتەریبە لەگەڵ کەلێنی نێوان مودێڕنیتە — نەریت؛ واتە کوردایەتی لە باکووردا، بۆ مانەوەی خۆی ناچار بووە کە لە دامەزراوە نەریتییەکاندا خۆی دەربخات.

لە کوردستانی رۆژهەڵات، لەژێر کاریگەری کۆماری کوردستان و رووبەڕووبوونەوەی سەختی نەریت و موێڕنیتە لە پانتایی کوردایەتیدا، ڕاسیۆناڵیزم وەک پێویستییەکی سیاسی کۆمەڵایەتی لە نێو ئێلیتی ئەو سەردەمەی کورد هەستی پێ دەکرێت. ئەم پێویستییە لە ئاکامدا لە هزری دوکتور قاسملوو بەرهەمی خۆی دەبینێتەوە. رەهەندی هزری ئەم بەهزریبوونە سوسیالیزمی دێموکراتیکە کە هەندێک چەمکی نوێ بە دەستەوە دەدات کە کورد بتوانێت بە هۆیانەوە چوارچێوەیەکی واتاداری دنیای مودێڕن بە کێشەکانی ببەخشێت و هاوکات وەڵامێکی هەبێت بۆ پرسیاری حوکمڕانی چاک و پرسیارەکانی تری دنیای مودێڕن.

چوارچێوەی سیاسەتی راسیۆناڵیستی ئەو توانایە بە کوردی رۆژهەڵات دەدات کە هاوکات لەگەڵ کێشەی نەتەوەیی، بپرژێتە سەر کیشەکانیتری کۆمەڵایەتی وەکوو کێشەکانی ژنان و کەمایەتییە جنسییەکان و کێشەکانی پاراستنی ژینگە و سرووشت و کێشەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کە کێشەکانی ئەمڕۆی دنیای مودێڕنن و پشت گوێ خستنیان بە قەهقەرابردنی کۆمەڵگای خۆمانە.

هاوکات بەرهەمێکی تری ئەو بزاڤەی دوکتور قاسملوو کە دەستی پێکردووە ئەوەیە کە کورد دەتوانێت خاوەن وەڵامێکی قووڵ بۆ پرسی حوکمڕانی و دەسەڵاتی سیاسی بێت؛ بۆشایی هزری سیاسی وادەکات کە ئەگەر گەلی کورد توانای ئەوەشی هەبێت کە دەسەڵاتی سیاسی دابمەزرێنێت، بەڵام ئەو دەسەڵاتە هەر لە دەسپێکەوە شکستخواردوو دەبێت. رووبەڕوونەبوونەوە لەگەڵ پرسی دەسەڵاتداری چاک و پشتگوێ خستنی ئەو پرسیارە وا دەکات کە هەرچەشنە دەسەڵاتدارییەکی کورد لە داهاتوودا هاوتەریب بێت لەگەڵ گەندەڵی و چەند پارچە بوون و تەنیا هاوپەیمانییەک بێت لە چەند ناوەندی دەسەڵاتدا.

# کرماشان لە پەنای بێپەنایيدا

**شەماڵ تەرغیبی**

دۆخی ژیانی خەڵکی کرماشان پاش زیاتر لە یەک مانگ نەتەنیا سەقامگرتوو نەبووە بەڵکوو خراپتریش بووە.

پاش بوومەلەرزەکەی ٢١ی خەزەڵوەر لە پارێزگای کرماشان، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی سەدان کەس و برینداربوون و لێقەومانی هەزاران کەسی دیکە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە بەپێی یاساکانی خۆی ئەرکدارە لەمەڕ چارەسەرکردنی گرفتەکان و کۆنترۆڵی قەیرانەکە، نەتەنیا وەک پێویست ئاوڕی لێنەداونەتەوە بەڵکوو بۆخۆی بووەتە لەمپەڕێکی گەورە لەپێوەندی لەگەڵ ژیانی لێقەوماوان.

بەپێی دوایین ئامارە فەرمییەکان، تا ئێستا ٢٧ هەزار کەس بەهۆی بوومەلەرزەکەوە خانووەکانیان لەدەس داوە بەڵام لەلایەن ڕێژیمەوە تەنیا ٦٠٠ کانێکسیان بۆ دابین کراوە؛ هەڵبەت ئەو کانێکسانەش کە ڕادەستی خەڵک کراون، وەک نوێنەرانی مەجلیسی ڕێژیم پشتڕاستییان کردۆتەوە، لەبەرامبەر با و بۆراندا نەیانتوانیوە بوومەلەرزەلێدراوان بپارێزن و تەنانەت زەرەری گیانیشی بۆ بەدیاری هێناون.

ئەم دۆخە نالەبارە لەپاش زیاتر لە یەک مانگ، هاوکاتە لەگەڵ دەسپێکی سەرما و سۆڵە و بارینی بەفر؛ لەمبارەوە "ئەکبەر سەنجابی" فەرمانداری سەرپێڵی زەهاو باسی لە دۆخی نەشیاوی ژیانی هاووڵاتییان لە نێو خێوەتەکاندا کردووە و وتوویەتی: بەرپرسان دەبێ درک بە بارودۆخی لێقەوماوان بکەن؛ خەڵک بە دژوارییەوە لە ژێر خێوەتی ١٠ میتریدا دەژین!

وتوویشیەتی: لە کۆی ئەو ٦٠٠ کانێکسەی کە ڕادەست کراوە تەنیا ٢٠٠ دانەیان لەلایەن بونیادی مەسکەنەوە بە خەڵک دراوە؛ ئەویش بە پێداگری ئەرتەش!

ئەمەش لەکاتێکدا دێتە بەرباس کە هەواڵدەریی مێهر ماوەیەک پێش ئێستا باسی لەوە کردبوو کە ئەرکی سازکردنی سەرپەنا و دانی کانێکس بۆ لێقەوماوانی کرماشان، لە ئەستۆی سپای پاسدارانە.

بەوتەی فەرمانداری سەرپێڵ، بۆ هەموو ئەو ناوچانەی کە تووشی کارەساتی بوومەلەرزە هاتن، تەنیا ٤٠٠ چاوە سرویسی بێهداشتی دابین کراوە!

ئەم بارودۆخە سەختە لەکاتێکدا ڕووماڵ دەکرێت کە ئەحسەن عەلەوی، نوێنەرێکی دیکەی مەجلیسی ڕێژیم وتوویەتی: لە سازکردنی کانێکسەکاندا هیچ بنەمایەکی ئەندازیاری ڕەچاو نەکراوە؛ وتوویشیەتی: بەداخەوە لایەنە پێوەندیدارەکان لەباتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان، سەرقاڵی یاری کردن بە گیانی خەڵکن و لەژێر ناوی یارمەتی گەیاندن، هەوڵ بۆ تاڵانکاری زیاتر دەدەن.

لەلایەکی دیکەشەوە، فەرهاد تەجەری نوێنەری مەجلیسی ڕێژیم، وتوویەتی: لانیکەم دوو مانگ کات پێویستە تاکوو بوومەلەرزەلێدراوان بەشێوەی کاتیی، شوێنی نیشتەجێ بوونیان بۆ دابین بکرێت!

ئەم قسانەی تەجەری لە کاتێکدان کە، ماوەیەک پێش ئێستا لە ڕاپۆرتێکی ڤیدیۆییدا "حەسەن شاتری" (حیسام خۆشنویس)، یەکێک لە فەرماندە تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئێران و بەرپرسی نۆژەنکردنەوەی لوبنان باسی لەوە کردبوو، لە ماوەی کەمتر لە ١٤ ڕۆژدا کێشەی کارەبا، ڕێگەوبان و کێشە سەرەکییەکانی ٧٣ گوندمان لە لوبنان چارەسەر کردووە.

لەو ڕاپۆرتەدا ژنێکی لوبنانی باس لەوە دەکات کە ڕێژیمی ئێران باشترین ئیمکانات و خزمەتگوزاریی خۆشبژێوی بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە دابین کردووە و تەنات کرێ خانووی مانگانەشیان بۆ دابین دەکات.

ئالێرەدایە کە دەکرێ بڵێین: "خێر بۆ خێش نە بۆ دەروێش"!

ئەوەی ڕوونە، کۆماری ئیسلامی نە تەنیا پارەی خەڵک و وڵات سەرفی ئاودان کردنی وڵاتانی دیکە دەکات بەڵکوو بەشێکی زۆر لەو پارەیەش بۆ تەیارکردنی هێزە سەرکوتکەرەکانی تەرخان دەکات؛ هەر لەم پەیوەندییەدا لە هاوینی ئەمساڵ مەجلیسی ڕێژیم لە بڕیارێکدا بوودجەی ٢هەزار میلیارد تمەنی بۆ پەرەدان بە هێزی سوپای تێرۆریستی قودس پەسەند کرد.

هەر لە چوارچێوەی زیادکردنی زەخت و گوشارەکان بۆ سەر چالاکانی سیاسی و سەرف کردنی پارەی کەلان بۆ هێزە سەرکووتکەرەکان، هەواڵدەرییەکانی ڕێژیم ئاشکرایان کرد، بە هاوئاهەنگی لە نێوان سپای پاسداران، بەسیج و هێزی بەناو ئینتزامی، لەژێر ناوی "پاراستنی خەڵک" و خەبات لەدژی "ئەرازل و ئەوباش" و "پێشگیری لە دزی کردن"، "گەشتی تایبەت" دادەمەزرێت.

محەممەدڕەزا یەزدی، فەرماندەی سپای پاسداران لە پارێزگای تاران، ڕایگەیاندووە: بەو هۆیەوە کە "بوومەلەرزەی کۆمەڵایەتی" لە ئێران بەگشتی و تاران بەتایبەتی بەڕێوەیە، پێویستە هێزێک هەبێت کە بتوانێ ڕووبەڕووی ببێتەوە.

کارناسان و چالاکانی سیاسیی و مەدەنی لە ئێران پێیان وایە ئەمە هەوڵێکی نوێی ڕێژیمە لەمەڕ زیادکردنی گوشار بۆ سەر چالاکانی سیاسیی، خوێندکاری، مەدەنی، فەرهەنگیی و ژینگەپارێزان؛ ئەمەش بەو هۆیەوە کە هیچ پێناسەیەک بۆ "ئەرازل و ئەوباش" نەکراوە و ئەمجۆرە هێزانەی سەر بە سپا و بەسیج دەستیان ئاوەڵایە کە خەڵکی ناڕازی یان ڕەخنەگران سەرکوت بکەن.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە، ڕێژیم بەردەوام لە هەوڵی سازکردنی دەستەگەلی لەم چەشنە بووە، تاکوو ساناتر بتوانێ ناڕازییانی سیاسیی سەرکوت بکات، کە بەرچاوترینیان کۆمیتەچی و مۆنکەراتییەکان لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی بوون.



لە ڕاستیدا ڕووداوەکانی دوای بومەلەرزەکەی کرماشان و هاوکاری بەربڵاو و بێوێنەی گەلی کورد بۆ خوشک و برا لێقەوماوەکانیان بە بێ گرینگیدان بە چالاکی لایەنە پێوەندیدارەکانی ڕێژیم، چەشنێک لە یەکگرتوویی لە نێو نەتەوەکەمان ساز کرد کە بە تەواوەتی کۆماری سێدارەی وە لەرزە خستووە؛ وەک زۆرێک لە کارناسانیش دەڵێن: ڕێژیم، بە ڕوونی بۆی دەرکەوتووە کە هیچ پێگەیەکی لە نێو خەڵکی کوردستاندا نییە، هەر بۆیە لە پەلەقاژەدایە تاکوو بە تەرخان کردنی میلیاردها دۆلار و سازکردنی گروپگەلی سەرکوتکەر داهاتووی خۆی گەرەنتی بکات، بەڵام نازنێ کاتێک کە لافاوی قین و تووڕەیی خەڵک وەڕێکەوت، هیچ هێزێک توانای پێشگرتنی نییە و وەک لە کۆنەوە گووتراوە: "هەموو شتێک لە باریکیدا دەپسێ بەڵام زوڵم لە ئەستووریدا".

## پێنج قوتابیی کرماشانی پلەی یەکەمی کێبڕکێی حەسێبە زەینییەکانی جیهانیان بەدەست هێنا



٥ قوتابیی کوردی خەڵکی شاری کرماشان، لە پێشبڕکێیەکانی جیهانیی حەسێبە زەینییەکان پلەکانی یەکەمیان بە دەست هێناوە.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدێرییە نێوخۆییەکان، لە کێبڕکێیەکانی حەسێبە زەینییەکان، کە لە وڵاتی مالێزی بە بەشداریی ٥٧ وڵات بەڕێوە چوو، "عەسەل بێهزادیان"، "مریەم شەمسی"، "ئیلینا دەبیقی" و "پەرنیا عەزیزی"، پلەکانی یەکەمیان بە دەست هێناوە و "پارسا سەمەدی"ش توانیویەتی پلەی دووهەم بە دەست بهێنێت.

ئەم کێبڕکێیانە بە سیستەمی حەسێبە زەینییەکان ucmas (یو سی مەس) بۆ گەشە کردنی زەین، لە ڕێگەی بیرکارییەوە جێبەجێ دەکرێت، کە لە ساڵی ١٩٩٣ی زایینی، لە ناوەندە زانستییەکانی ئاسیا، وەکوو ڕێگەیەک بۆ بەکارهێنانی تەواوی مێشکی مرۆڤ کەڵکی لێ وەرگیراوە.

جێگەی ئاماژەیە، "مریەم شەمسی"، کاپی قارمانی خۆی بە منداڵانی بوومەلەرزە لێدراوی ئێزگڵە و سەرپێڵیزەهاو پێشکەش کردووە

## گڕگرتنی خێوەت و کانێکسی لێقەوماوانی کرماشان دیسان زەرەری گیانی لێکەوتەوە

ئاگر گرتنی کانێکسێک لە سەرپێڵی زەهاو بووە هۆی سووتان و گیان لەدەستدانی کچێکی تەمەن ٢٠ ساڵ.

دوای ڕوودانی کارەساتی بوومەلەرزە لە کرماشان و ئاوارەبوونی خەڵکی ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکان، خەڵک ناچار بوون کە لە نێو خێوەت و کانێکسدا بژین، هەرچەند ڕێژەیەکی زۆر کەم لەو خەڵکە خێوەت و کانێکسیان وەرگرتووە و ڕێژیم پاش تێپەڕینی زۆرتر لە یەک مانگ هێشتا نەیتوانیوە ئاوارەکان جێگیر بکات.

هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی ئاوارەبوونی خەڵکی بوومەلەرزە لێدراوەدا، زۆرجار هەواڵی گڕگرتنی خێوەت و کانێکسەکان بڵاو بووەتەوە؛ بۆ نموونە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی سەرماوەزی ١٣٩٦ هەتاوی، بە هۆی ئاگرگرتنی خێوەتێک لە سەرپێڵی زەهاو، چوار کەس گیانیان لە دەست دا.

لە نوێترین ڕووداوی لەم چەشنەشدا ڕیکەوتی ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٩٦ هەتاوی، کانێکسێک لە سەرپێڵی زەهاو گڕی گرت و کچێکی تەمەن ٢٠ ساڵ بەو هۆیەوە، گیانی لە دەست دا.

هەتا ئێستە چەندین نموونەی دیکەی لەم چەشنە لە سەلاسی باوەجانی، گوندی قەڵاشاینیی سەرپێڵی زەهاو و زۆر شوێنیکی دیکە کە خەساری گیانیان نەبووە، بەڵام تەوای کەلوپەلی ئەو ئاوارانە لە ئاگردا سووتاون، ڕوویداوە.

هەرچەند بەڕواڵەت ڕێژیمی ئێران سپای پاسدارانی ئەرکدار کردووە بۆ نۆژەن کردنەوەی ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکان، بەڵام بە کردەوە دەبینین کە کەمترین خزمەتگواری بە لێقەوماوان دەکرێت.

## بوومەلەرزە

## سەرچاوە ئاوییەکانی ٧ شاری کرماشانی لەنێو بردووە



بەرپرسانی ڕێژیم، لە کرماشان ڕایانگەیاندووە، کە بوومەلەرزە بووەتە هۆی لەنێوچوونی سەرچاوە ئاوییەکانی حەوت شار.

عەلیڕەزا تەختشاهی، بەڕێوەبەری گشتیی شیرکەتی "ئابفا"ـی پارێزگای کرماشان، لە دانیشتێک لەگەڵ وەزیری وزە کە سەردانی ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکان کردووە، وتوویە: لەو بوومەلەرزەیە، حەوت شار سەرچاوە ئاوییەکانیان لەنێو چووە.

بەپێی وتەکانی تەختشاهی، خەسارێکی زۆر وەبەر بەشی ئاو و ئاوەڕووی ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکان کەوتووە و بەپێی بەراوردەکان زۆرتر لە ٢٦٠ میلیارد تمەن خەساری ماڵی هەبووە.

بەڕێوەبەری گشتیی شیرکەتی "ئابفا"ـی پارێزگای کرماشان، باسی لەوە کردووە، کە پچڕانی کارەبای پاڵاوگەی ئاوی ئەو شارە، کە ٥٠ لەسەدی ئاوی کرماشان دابین دەکات، سیستمی ئاوی تووشی کێشە کردووە، هەروەها شکانی لوولەکانی گواستنەوەی ئاوی بیرەکانی "ناودەروەن" لەنێوچوونی ٢٨ بیری ئاو، شکانی لوولەکانی گواستنەوەی ئاوی شاری شائاباد، شکانی ڕایەڵی دابەش کردنی ئاو لە حەوت ناوچەی شاری کرند، بەشێک لە خەسارە گەورەکان بە سیستمی دابەش کردنی ئاوی کرماشان بووە.

لە شارەکانی قەسرشیرین، سەرپێڵیزەهاو، گێڵان و هەرسینیش سیستمی دابەش کردنی ئاو و سەرچاوە ئاوییەکان بە تەواوەتی خەساریان دیوە، لەم شارانە کە سەرچاوە ئاوییەکان، کانی و تراویلکەکانن؛ بە هۆی بوومەلەرزەکەوە لێڵ بوونە و بۆ خواردنەوە نابن.

نەبوونی سەرچاوەیەکی دیکە و نەبوونی دەرفەت بۆ گواستنەوەی ڕایەڵی ئاوی ئەو شارانە، بووەتە کێشە بۆ حەوت شاری کرماشان.

لە سەردانەکەی وەزیری وزە بۆ کرماشان، هیچ ڕێگەچارەیەکی بنەڕەتی بۆ ئاوی ئەو شارانە دیاری نەکراوە و گرنگیان بە کێشەکانی خەڵک نەداوە و هیچ بوودجەیەکی تایبەتیان تەرخان نەکردووە.

ئەمە لە حاڵێک دایە کە ڕێژیمی ئێران، بۆ دابین کردنی ئاوی ناوچە فارسنشینەکان بوودجەی تایبەتی بۆ گواستنەوەی ئاو لە سەرچاوە ئاوییەکانی ناوچەی زاگرۆس تەرخان کردووە و بیاوانەکان بە ئاوی زاگرۆس ئاوەدان دەکەنەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە دوای تێپەڕبوونی مانگێک بە سەر کارەساتی بوومەلەرزە لە کرماشان، هێشتا خەڵکی ئەو ناوچانە لە ئاوی خاوێن بێبەشن و بە بەرمیل و تانکر ئاویان بۆ دەبەن، کە ئەوەش بەتەواوەتی خاوێن نییە و لە کاتی خۆی دابەش ناکرێت.

# ئاو، کۆڵەکەی ستراتیژی داهاتووی کوردستان

ئاگری ئیسماعیل نژاد

بەشی دووهەم و کۆتایی



### شەشەم :
### بەڕێوەبەرایەتی ئایدۆلۆژیک

گەشە و دەسەڵاتداریی ڕەزا پەهلەوی لە ئێران دووانەیەک بوون کە پێکەوە لە دایک بوون، بنەمای کردەکانیی ڕەزا پەهلەوی وەدیهێنانی چەمکی دەوڵەت_نەتەوە بوو، بۆیە لە ڕاستیدا شێوازی گەشەی ئێران لەسەر بناغەی چەمکی دەوڵەت_نەتەوە داندرا، هەر ئەوەش وای کرد ڕوانینی خۆیی و ناخۆیی لە نێو چەمکی دەوڵەت_نەتەوەوە بگوازرێتەوە بۆ نێو گەشەی ئێرانیش، بەڵام لە ڕەهەندی گەشەدا وشەی خۆیی و ناخۆیی بۆ گەشەی لاسەنگ یان ناوچەی پاشکەوتوو و پێشکەوتوو گۆڕدرا.

بنەمای گەشەی ئێران لە ڕووی جوغرافییەوە، لەسەر دوو پاژی ناوەندی _فارس و قەراغی _نافارس داندراوە، چون دەوڵەتی مۆدێرن پێی وابوو تەنیا ڕێگەی مانەوەی، خولْقاندنی یەک نەتەوەیە و لە پێناو ئەو ئامانجەش جوغرافیای پاشکەوتوو و پێشکەوتووی خوڵقاند.

گەشەی ناوەند (ناوچەی پێشکەوتوو) و پاشکەتوویی قەراغ (ناوچەی گەشە نەکردوو) وای کرد، جوغرافیای ناوەند تووشی جۆرێک کەڵەکەبوونی پیشە و سەرمایە بێت، کەڵەکەبوونێک کە لە ڕوانینی یەکەمدا تەنیا براوەیی ئابووری نەبوو، بەڵکو لە ڕووی سیاسیشەوە، جۆرێک براوەیی پێشان دەدا. ئەوە هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەیکە جوغرافیای قەراغیش تووشی لێچۆڕانی سەرمایە و قەیرانی پیشە و کار هات؛ ئەو ناوچەی کە قەراغی ئێران بوو، هەم سەرمایەی تێدا نەما و هەم تووشی هەژارییەکی قووڵ هات، کەوایە ناوچەی پاشکەوتوو لە ڕاستیدا ناوچەیەکی هەژاری فەرهەنگی، ئابووریی و دەستەوەستانی سیاسیش بوو.

شێوازی گەشەی ئێران بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆر قەراغی ئێران بەجێ بهێڵێت و ڕوو لە جوغرافیای ناوەند بکەن؛ ئەوەیکە خەڵکی نافارسی نێو جوغرافیای دەسەڵاتداریی ئێران ڕوویان لە ناوچە فارسەکان دەکرد، لە ڕوانگەی سیاسییەوە، فارسەکان وەک دەرفەتێک بۆ خولْقاندنی خەونی نەتەوەسازیی سەیریان دەکرد و لە ڕوانگەی ئابووریشەوە وەک دەرفەتێک بۆ دابینکردنی هێزی کاری هەرزان و وەچنگ خستنی سەرمایەی زیاتر تێڕوانین؛ بۆیەش پێداگری لەسەر شێوەی گەشەی لاسەنگ لە ئاستی ڕوانینێکی بەرژەوەندییخوازانەوە بۆ ئاستی ڕوانگەیەکی نەتەوەیی بەرز بۆوە.

لە ئێستادا کە ئێران ۸۰ میلیۆن دانیشتووی هەیە، پتر لە ۲۰٪ی ئەو دانیشتووانە لە جوغرافیایەکی کەمتر لە ۲٪ی ئێراندا دەژین، واتە لە سێ پارێزگای تاران، ئەلبورز و قەزوین و خاڵی جێی باسی دیکە لەو بوارەدا ئەوەیە کە ۱۲٪ ی خەڵکی ئێران لە چوار شاری ئیسفەهان، مەشهەد، شیراز و تەورێز دەژین.

لاسەنگیی جەماوەریی و پیشەیی لە ناوچەیەکی تایبەتی ئێراندا وای کردووە، کە ناوەندیی ئێران لە جوغرافیایەکی کەم ئاوەوە، ببێتە جوغرافیایەکی بێ ئاو و تەنانەت توونیش؛ لە ڕاستیدا ئەوەی دەگوترێت، ئێران لە قەیرانی ئاودایە، مەبەست ئەوەیە جوغرافیای ناوەند کە چەقی دەسەڵاتی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی ئێرانە، لە قەیرانی ئابوورییە و بابەتی ئاستی قەیرانی ئاو لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکیتر جیاوازە و یەکێک لە هۆکارەکانی قەیرانی ئاو لە ئێران ڕوانگەی بەڕێوەبەرایەتیی ئایدۆلۆژیکی لە ئێرانە.

### حەوتەم:
### گەندەڵی و مافیا

ئەوەیکە گەندەڵی لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا قەبارەی دامەزراوەی بەخۆیەوە گرتووە و بووەتە "گەندەڵی ڕەش" لەلایەن بەرپرسانی ئەو ڕێژیمەشەوە نکۆڵی لێوە ناکرێت و ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنی فەرمی کۆماری ئیسلامییەوە باسی گەندەڵی جۆراوجۆر دەکرێت بەڵام لە بواری ئاوەوە ئاستی گەندەڵییەکە زۆر بەرزە و لە چەندین هۆکار بووەتە هۆی ئەوەی گەندەڵی لە بواری ئاو قەبارەی دامەزراوەیی بەخۆیەوە بگرێت.

ئا: سوپای پاسداران تەنیا کۆمپانیای دروستکردنی بەنداو لە ئێرانە و هیچ کۆمپانییەک توانایی ڕکەبەرایەتی لەگەڵ سوپای نییە.

ب: سوپا سەرەڕای دەسەڵاتی تەکنیکی، خاوەنی دەسەڵاتی یاسایی و سیاسییە و دەتوانێ جلوبەرگی یاسایی لەبەر گەندەڵییەکانی بکات.

دکتۆر حوسێن پاپیلی یەزدی جوغرافیزان و مامۆستای زانکۆی مەشهەد لە کۆڕی پیشاندانی فیلم "مادرکشی" کە دۆکیۆمێنتێکە لەسەر قەیرانی ئاو و لەلایەن نووسینگەی حەسەن ڕووحانی سەرکۆماری ئێران لە ساڵی ۱۳۹٤دا ساز کراوە، ڕۆژی ۷ بەفرانباری ۱۳۹٤ دەڵێت: "هاوڕێیان یان نازانن یان نایانەوێت باسی ڕاستییەکانی 'بن بێژنگ بکەن'! ۳۰ ساڵە تەنیا ۳٪ی بوودجەی ئاو بۆ ئاوی ژێرزەوی تەرخان کراوە و ۹۷٪ی بۆ ئاوی سەرزەوی تەرخان کراوە. چونکە کۆمپانیاکانی ناتوانێ بۆ ئاوی ژێرزەوی پڕۆژەی چەند میلیاردی بنووسن، ئەوان بەنداو ساز دەکەن یان رایەڵەیە دەنێنەوە چونکە ئەو کارانە پارەی چاکی تێدایە" .

لە ڕاستیدا ئەوەیکە پێی دەگوترێ بەنداو سازکردن و رایەڵەنانەوە، تەنیا بەپێی پێویست و تەنانەت گەشە نەبووە، بەڵکوو دەرفەتێک بووە بۆ گەندەڵی و گەندەڵکاری و ئەوەش وای کردووە کە زۆرێک لە گەڵاڵە و پڕۆژەکان بێ ئەوەی پێویست بێت قازانج و زیانیی کاتیی و گەشەی سەقامگیر، بنەمای بڕیار و کردە نەبێت بەڵام قازانجی گرووپی و مافیایی ببێتە هۆکاری دیاریکردنی پڕۆژەیەک.

### هەشتەم
### بەڕێوەبەرایەتیی ناشارەزا

لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاو دەستەواژەیەک هەیە، بەناوی "ئاوی خوازە"؛ ئاوی خوازە دەبێتە، ئەو ڕێژەیە لە ئاو کە بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەک پێویستە. لە ڕوانگەی ئابووریی نێودەوڵەتییەوە بۆیە ئاوی خوازە پێناسە کراوە هەتا بەرچاوڕوونییەک بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان بخوڵقێنێت بۆ ئەوەی کە بازرگانی ئاو بکەن، بەو شێوەیە کە ئەو ناوچەی ڕێژەی ئاویان کەمە، لەباتی ئەوەی ئەو شتوومەک و کاڵایانە بەرهەم بێنێت کە ئاویان زۆر پێویستە، ئەو کاڵایانە هاوردە بکات، بە هاوردەکردنی ئەو شتوومەکانە ئاوی خوازە هاوردەی وڵاتەکەی کردووە و بەو شێوەیە پشتگیریی لە ژینگە و ئاوی وڵاتەکەی خۆی کردووە.

خاڵی سەیری بەڕێوەبەرایەتیی ئێران لەوەدایە کە، ئێران ئێستا وڵاتێکە شووتی هەناردەی وڵاتانی باشووری کەنداو دەکات، ئەوە لە کاتێکدایە کیلۆیەیک شووتی، ۷۰۰ لیتر ئاوی پێویستە و ئەگەر ئەو ۷۰۰ لیترە ئاوە بفرۆشرێت، داهاتی لە کیلۆیەک شووتی زۆر زیاترە. بازرگانی ئێران لە ڕوانگەی "ئاوی خوازەوە" بازرگانییەکی هەڵەیە و ئەوەش وادەکات، ئێران سەرەڕای ئەوەی لە قەیرانی ئاودایە و لە ڕێگەی بازرگانی نێودەوڵەتییەوە پشتیوانی بۆ ئاوی نێوخۆیی هاوردە ناکات بەڵکوو تەنانەت ئاویش هەناردە دەکات.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکیتر لە پەیوەندی بە ئاوی خوازەوە بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە سیاسەتی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی وای کردووە، کە نەکرێت لە بازرگانیدا ئاوی خوازە زۆر کەڵکی لێوەر بگیرێت، چونکە بناغەی سیاسەتی دەرەکی ئێران لەسەر هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی دامەزراوە و ئەو سیاسەتەش دەبێتە هۆی گرژیی نێوان ئێران و وڵاتانی جیهان؛ بۆیە زۆر دەرگەی ئابووری لە بازرگانی ئێران دادەخرێت و ئەوەش دەرفەتەکان بۆ بەکارهێنانی ئاوی خوازە لەمەڕ دەرچوون لە قەیرانی ئاو، کوێر دەکاتەوە.

### نۆیەم:
### ئاڵۆزی لە نێوان ناوەندەکانی توێژینەوە و بڕیار

بۆ ئەو بەشە دەکرێت ئاماژە بە چەند لێکۆڵینەوەیەک بکەین؛ لە ڕاپرسییەکدا کە لە نێوان مامۆستایانی بواری ئاوی زانکۆکانی دەوڵەتیی ئیسفەهان و شەهرێکۆرد و ئەهواز کراوە، پرسیاری ئەوەیان لێ دەکرێت ئایا ڕاکێشانی ئاوی کاروون بۆ زایندەروود کارێکی زانستییە یان نا؟ دەرئەنجامی وەڵامەکان یەکجار سەیر و سەرسووڕهێنەرە، ۷٤٪ی مامۆستاکانی زانکۆی شەهرێکۆرد و ئەهواز کە ئاو لە ناوچەی ئەوانەوە ڕادەگوازرێت، ئەو پڕۆژەیە بە پڕۆژەیەکی شکستخواردوو و هەڵە و نازانستی دەبینن و ۷۱٪ی مامۆستایانی ئیسفەهان کە ئاو بۆ ناوچەی ئەوان ڕادەگوازرێ، ئەو پڕۆژەیە وەک پڕۆژەیەکی گرینگ دادەنێن .

ئەوە سەرەڕای ئەوەیە کە، کۆتلەکانی نێو ڕێژیم وێڕای تاوانبارکردنی یەکتری لە ڕاگەیاندنەکاندا زۆرجار شەڕیان لەسەر ئەوەیە، کە سەرچاوەی قەیرانەکە بۆ کام دەوڵەت دەگەڕێتەوە و کێ بووەتە هۆکاری ئەو قەیرانانە و تەنانەت هێندێ جار لەسەر بەکارهێنانی وشەی قەیران لە دژی یەک هەڵوێست دەگرن.

لە ڕوانگەی منەوە ئەو نۆ هۆکارەی کە باسم لێوە کرد، دەکرێ وەک هۆکارگەلی سەرەکی سەرهەڵدانی قەیرانی ئاو لە ئێران سەیر بکرێت.

قەیرانی ئاوی ئێران و ئاوی کوردستان زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس و تۆرس، کە بە نێو خاکی کوردستانی گەورەدا تێدەپەڕێت، گەورەترین سەرچاوەی ئاوی شیرینی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن؛ زاگرۆس کە بە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور تێدەپەڕێت تەنیا لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئێراندا، بەدرێژایی ۱۵۰۰ کیلۆمێتر و پانی ۲۵۰ کیلۆمێتر جوغرافیاییەکی نزیک بە ۳۲۵ کیلۆمێتری چوارگۆشەی ساز کردووە کە دەکاتە یەک لەسەر پێنجی هەموو خاکی ئێران. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زاگرۆس بۆ ئێران ئەوەیە کە ئەو زنجیرە کێوە، ڕوو بە ناوەندی ئێران چەندین دەربەند و شیو و دۆڵ و تەنانەت دەشتی بەپیتی گەورەی تێدا هەڵکەوتووە و هەروەها ناوچەی داوێنی زاگرۆس زۆر جار ڕێژەی بارانی دەگاتە، ۱۵۰۰ میلیمێتر لە ساڵێکدا (بدیعی،۱۳۷۳، ۱۷۰).

زاگرۆس سەرچاوەی پڕئاوترین ڕووبارەکانی ئێرانە: کاروون، سیروان، کەرخێ، کەڵوێ، مارون، زایندەروود و چلچەمە و سەرەڕای ئەوەش هەڵکەوتەی زاگرۆس لە ڕووی کەشوهەواوە هەموو جوغرافیای ناوەندی ئێرانی بردووەتە ژێر کارتێکەری خۆیەوە.

عەباس عێراقیچی جێگری وەزیری دەرەوەی دەوڵەت لە خولی ۱۰ و ۱۱ی کۆماری ئیسلامی، لەسەر گرینگی زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس بۆ وڵاتی ئێران دەڵێت: "بەبێ زاگرۆس، ژیانی ئێران لە جوغرافیا و مێژووی ئێراندا بوونی نەدەبوو، هەر بۆیەش دەکرێت بە زاگرۆس بڵێین "هارتلەندی ئێران".

عێراقچی هەر لە درێژەی ئەو باسەدا دەڵێت: "زاگرۆسی عێراقیش پێگەی هاوشانی زاگرۆس لە ئێرانە و زنجیرە شاخی تۆرسیش هەمان پێگەی زاگرۆسی بۆ تورکیا هەیە. عێراقچی لە درێژەدا ڕوونی دەکاتەوە کە زاگرۆس و تۆرس دوو تایبەتمەندی زۆر گرینگیان هەیە: ۱- گەورەترین ناوچەی دارستانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن ۲- گەورەترین سەرچاوەی کەربۆهیدراتی جیهانیان لەخۆ گرتووە".

زاگرۆس تەنیا ناوچەیەکی پڕئاوی جوغرافیای ژێردەسەڵاتی ئێران نییە، بەڵکوو زاگرۆس تەنیا ناوچەیەکی پڕئاوی ژێردەسەڵاتی ئێرانە کە دەکرێت ئاوەکەی بۆ ناوەندی ئێران ڕاگوازرێت؛ ئەو تایبەتمەندییەش زاگرۆسی هاوکات کردووە بە هارتلەند و شاڕێی ئاویی ئێران.

بەنداوەکانی کوردستان

لە پاش سەردانی خامنەیی بۆ پارێزگەی سنە، ڕۆژنامەی "دنیای اقتصاد" لە ژمارەی ۲۱۵۳ی خۆیدا و لە ڕاپۆرتێکدا لەسەر بەنداوەکانی پارێزگەی سنە دەنووسێت: "بەبۆنەی سەردانی ئایەتوڵڵا خامنەیی بۆ پارێزگەی سنە، بڕیاری سازکردنی ۱۱ بەنداو لەو پارێزگەیە دراوە".

ئەوە لە ڕاستیدا پێداویستییەک بۆ ناوەندە نەک خێرێک بێت بۆ کوردستان یان پارێزگەی سنە.

کۆماری ئیسلامی ئێران، هەنووکە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ۲۹ بەنداوی بەدەستەوەیە کە لە ۵٪ هەتا ۹۵٪ لە کارەکانی کراوە و توێژینەوە لەسەر ٦٦ پڕۆژەی لێدانی بەنداوی نوێیان بەدەستەوەیە. ئەوە جیاوازیی ٤٠ بەنداوی تەواوکراوە کە ئێستا لەسەر چۆمەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری هەڵبەستنیان کۆتایی پێهاتووە. هاوکات لەگەڵ ئەوە، چەندین گەڵاڵەی ڕاگواستنی ئاو لە کوردستانەوە بۆ ناوچەکانی تری ئێرانی بەدەستەوەیە کە بەڕوونی هەتا ئێستا ئاشکرا نەکراوە و تەنیا دەگوترێت لەبارەیەوە خەریکی لێکۆڵینەوەن، بەڵام لە ئێستادا ئاوی کوردستان بۆ دوو شاری هەمەدان و تەورێز ڕادەگوازرێت.

حەسەن ڕووحانی لە کتێبی "امنیت ملی و نظام اقتصادی ایران" لە بەشی "آب و امنیت ملی" هەشت ڕێکار بۆ دەرچوونی ئێران لە قەیرانی ئاو، دێنێتە بەرباس کە ڕێکاری ٥ و ۷ی جێی سەرنجن؛ لە ڕێکاری پێنجەمدا دەنووسێت: دابەشکردنی سەرچاوەکانی نوێی ئاو، بەشێوەی گەشەی سەقامگیر و لە ڕێکاری حەوتەمیشدا دەنووسێت: گرتنەوەی ئاوەکانی سەرسنوور.

لێرەدا مەبەست لە سەرچاوەکانی نوێی ئاو، ئەو بەنداوانەیە کە لە کوردستان خەریکی سازکردنیانن؛ هەروەها ئێران تەنیا لە سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا وەک ناوچەی لای سەرووی سەرچاوەکانیی ئاوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەناسرێت و لە باقی سنوورەکاندا، ئێران ناوچەی لای خوارووی سەرچاوەکانیی ئاو دێتەحیساب، واتە تەنیا لە سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات ئاو لە ئێرانەوە دەچێتە ناوچەیەکیتر و لە باقی سنوورەکان، ئاو لە وڵاتێکیترەوە، دێتە نێو ئێرانەوە، کەوایە ئەو دوو ڕێکارە کە گرینگترین ڕێکار و خێراترین ڕێکاری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانی ئاو لە ئێرانن، لە ڕوانگەی سەرکۆماری ئێستای ئێرانەوە، هەر دووکیان تەنیا لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت، باقی ڕێکارەکان ڕێکاری درێژخایەنن، بۆ وێنە ڕێکاری یەکەم و دووهەم ڕیفۆرم لە فەرهەنگی بەکارهێنانی ئاوە، بۆیە لە ڕاستیدا کوردستان تەنیا شاڕێی ئاویی ئێرانە.

### دەرەنجام:

کوردستانی ڕۆژهەڵات، شاڕێی ئاوی و هارتلەندی ئێرانە و تەنیا ڕێگەی هیوای دەرچوونی ئێران لە قەیرانی ئاوییە؛ ئەوەیکە دەڵێین کوردستان شاڕێیەکی ئاوییە، تەنیا دەرفەتێک بۆ کوردستان نییە، بەڵکوو مەترسییەکیشە لەسەر کوردستان! بۆ ڕوون بونەوەی زیاتری باسەکە ئاماژە بە قسەیەکی لێکۆڵەرانی بواری ئاو لەسەر سەرهەڵدانی قەیرانی کەم ئاوی دەکەم: لە نێو لێکۆڵەرانی بواری ئاودا ئەو ڕستەیە باوە کە دەڵێن: "گرینگ نییە کە چەندەت ئاو هەیە، گرینگ ئەوەیە چۆن ئەو ئاوە بەکار دەهێنیت، چونکە هەر چەندەت هەبێت، ئەگەر دەستی پێوەنەگری تەواو دەبێت". لێرەدا بەر لەوەی ئاوی کوردستان وەک دەرفەتێک سەیر بکەین، دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە، بۆچی قەیرانی ئاو لە ناوەندیی ئێران سەری هەڵداوە؟

ئەگەر هۆکارەکانی قەیرانی ئاو لە ئێران لەبەر چاو بگرین، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت، کە مەترسیی سەرهەڵدانی قەیرانی بێئاوی لەسەر کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش هەیە، چوونکە جیاوازی تایبەتمەندی ژینگەی کوردستان، هەمان کێشەی قانونی، دامەزراوەیی و مرۆڤی کە بوونە هۆکاری قەیران لە ناوەندی ئێراندا، لە سیاسەتی ئاویی کۆماری ئیسلامی، کوردستانیش سەرهەڵدەداتەوە، کەواتە لەگەڵ ئەوەیکە پڕئاویی ئێستای کوردستانی ڕۆژهەڵات دەرفەتێکی بۆ کارتێکەری کوردستان لەسەر تاران خولْقاندووە و ئاوی کردووەتە کۆڵەکەیەکی گرینگی ستراتیژی داهاتووی کوردستان، بەهەمان شێوەش هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ بەکارهێنانی ئاوی کوردستان لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی خۆیدا مەترسی ئەوەی هێناوەتە گۆڕێ کە قەیرانی بێ ئاوی لە کوردستانیش سەرهەڵبدات.

کوردستانیش لەگەڵ ئەوەیکە لە ڕووی ژینگەییەوە ڕێژەی "ئاوی بووژاوەی" پێویستی هەیە، ئەگەری ئەوەی هەیە بەهۆی بەڕێوەبەرایەتیی ناکارامە و ئیدیۆلۆژیکی سیاسی کۆماری ئیسلامی، تووشی قەیرانی کەم ئاوی ببێت، بێگومان ئەوەش مەترسییەکی زۆر گەورەیە کە داهاتووی کوردستانی خستۆتە ژێر نیسێی خۆیەوە.

بەپێی هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و بەپێی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی ئاو لە ئێراندا، ئەگەری ئەوە هەیە، کە سیاسەتە ئاوییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ببێتە، هۆکارێک بۆ ئەوەی کوردستانیش لە داهاتوودا تووشی هەمان قەیرانی ئاو و دەرهاویشتەکانی ببێت، کە ئێستا ناوەندی ئێرانی گرتووەتەوە و بێگومان بەپێی ئەزموونی هەڵسوکەوتی حکوومەت، لەگەڵ کوردستان ئەگەر بێت و قەیرانی کەم ئاوی لە کوردستان سەرهەڵبدات، خەسارە مرۆیی و ژینگەییەکانی زۆر قووڵتر لە ناوەندی ئێرانیش دەبێت.

بۆ نیشاندانی ئاستی پەراوێزخستنی کوردستان لە کۆتاییدا تەنیا ئاماژە بە نموونەیەک دەکەم: سەرجەمی ئەو کۆڕبەند و سێمینارانەی کە لە پەیوەندی بە ئاو، لە زانکۆ و شوێنە زانستییەکانی ئێراندا بەڕێوە دەچێت، لەلایەن ئەو کەسانەوە سەرپەرشتیاری دەکرێت، کە خەڵک و دانیشتووی ناوچەیەکن کە لە قەیرانی ئاودایە و لە ئەگەری ڕاگواستنی ئاوی کوردستان، ئەوە ناوچەی ئەوانە کە ئاوی بۆ ڕادەگوازرێت؛ ئەو بابەتە لەسەر بەرپرسانی بڕیاردەریش ڕاستە، بەو مانایەی کە زۆربەی بەرپرسانی بڕیاردەر لە بواری ئاو لە ئاستی کوردستان و ئێراندا، کەسانێکن کە خەڵکی ناوچەی کەم ئاوی ئێرانن و ئەگەر ئاوی کوردستان ڕاگوازرێ بۆ ناوچەی ئەوان ڕادەگوازرێ؛ ئەگەر تەنیا ئەو ڕاپرسییەی کە لە خاڵی نۆهەمی هۆکارەکانی قەیرانی ئاو، لە ناوەندی ئێراندا باسی کرا، لەبەرچاو بگرین، بۆمان دەردەکەوێت، کە نەک بڕیارە سیاسییەکان بەڵکوو تەنانەت ئەگەر کۆڕبەندێکیی زانستیش بگیرێت، ئاڕاستەی کۆڕبەندەکە لە دژی کوردستانە و لە بەرژەوەندی ناوەندی ئێراندایە، دواتریش دەکرێت هەر لە ڕێگەی ئەو کۆڕبەندانەوە چاوی کۆمەڵگە و ڕای گشتیی کوردستان ببیسترێت و بۆ ڕاگواستنی ئاوی کوردستان هۆکاری وەک دەڵێم "مەحکەمە پەسند" بهێندرێتەوە.

## لوقمان ئەحمەدی:

# هۆکاری سەرەکی ناسەقامگیری و شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا گرێدراوە بە بوونی فرە جەمسەری و نەبوونی هاوسەنگی هێز لە لایەک و ڕەقابەتی نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناقین و بەکارهێنانی ئەم شەڕ و ئاڵۆزیانە لە لایەن ئێلیتەکانی نێو وڵاتانی بەشدار بۆ پارستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و مانەوەیان لە دەسەڵات لە لایەکی دیکەوە



وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ لوقمان ئەحمەدی

**پ: لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، چەند شەڕێک لە ئارادایە؛ لە لایەک شەڕی گەرم لە سووریا، یەمەن و تاکوو ئەم دواییانە، لە عێراقیش. لە لایەکی دیکەوە، شەڕی سارد لە نێوان ئێران و عەرەبستان لە ئارادایە. هەڵبەت ئەمریکا و ڕووسیەش بەشدارن لە شەڕ و ملمانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا. هۆی ئەم شەڕ و ملمانێیانە بۆچی دەگەڕێتەوە و بۆچی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بە بەراورد لەگەڵ دەڤەری دیکەی جیهان، ئەوەندە ناسەقامگیرە؟**

وڵامی ئەم پرسیارانە پێویستی بە شرۆڤەکاری ئاستی (levels of analysis) جیاواز هەیە. لە ئاستی سیستیمی هەرێمدا (regional system)، لابردنی ڕێژیمی سەدام حوسەین، کشانەوەی ئامریکا لە عێراق لە ساڵی ٢٠١١، بەهاری عەرەبی و شەڕی ناوخۆیی سووریە بۆشاییەکی هێزی (power vacuum) لە هەرێمەکە دروست کرد، کە هاوسەنگی هێزی (balance of power) ناوچەکەی تێک دا. ئەم ئاڵوگۆڕانە وای کردووە کە حاڵەتێکی فرە جەمسەری دروست بێ، کە تێیدا بەشێکی بەرچاوی وڵاتانی ناوچەکە لە لایەک و ئامریکا و ڕووسیە لە لایەکی دیکەوە هەوڵ بدەن نفووز و دەسەڵاتی خۆیان زیاد بکەن، یان ڕێگری لە ڕەقیبەکانیان بگرن و ئەم بۆشاییە پڕ بکەنەوە. لەم حاڵەتەدا ئانێرشی لە نێو سیستمی هەرێمەکە زیاد دەبێ و هاوپەیمانی و پێوەندی جیاوازی ناسەقامگیر دروست دەبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیران و گرفتی جیاواز، کە زۆر جار بە شەڕ یەکلایی دەکرێنەوە.

لە ئاستی پێوەندی نێوان چەند یان دوو لایەنەی وڵاتانی (dyadic relationships) بەشداری ئەم شەڕانە، دەبێ بڕوانینە سەر ڕوانگەی وڵاتانی جیاواز لەسەر یەکدی. بەشێک لە لێکۆڵینەوەکان لە زانستی شەڕدا نیشانیان داوە کە دوای شەڕی جیهانی دووهەم ٥٠ تا ٧٠ لە سەدی هەموو شەڕەکان کە چەند یان دوو لایەن بەشداریان تێدا کردووە گرێ دراوە بە ڕوانگەی ئەو وڵاتانە کە یەکدی بە ڕەقیب دەبینن و ناکۆکیان هەبووە لە مێژوودا. ئەم شەڕانە دەتوانێ هەم شەڕی کۆنڤێنشونال (conventional war) بێ و هەم شەڕ بە وەکالەت (proxy war). مێژوو و ڕوانگەی زۆربەی ئەو وڵاتانە لەسەر یەکدی کە بەشداری ئەم شەڕانەن بە شێوەی جیاواز ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ. ئاستێکی دیکەی گرینگ کە گرێدراوە بە ڕوانگەی کۆمەڵگە و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەوە کە بەشداری ئەم شەڕانەن لەسەر خۆیان. لە زانستی شەڕدا نیشان دراوە کە ئەگەر کۆمەڵگەیەک یان دەسەڵاتدارانی وڵاتێک هۆڤیەت و ڕوانگەی خۆیان بەستبێتەوە بە ڕۆڵی وڵاتەکەیان وەکوو لایەنێکی بەهێز لە ناوچەیەکی دیاریکراو یان جیهاندا، ئیمکانی بەشداری کردنی شەڕ زیاد دەبێ بۆ پاراستنی ئەو هۆڤیەت و ڕوانگەیە؛ بۆ نموونە دەسەڵاتداران و تا ڕادەیەکی بەرچاویش نەتەوەکانی تورک و فارس لە تورکیە و ئێران بەردەوام هۆڤیەتی ئایینی و مێژووی نفووزی ئێمپراتوری ئەم وڵاتانە بەکاردێنن وەکوو دەلیل بۆ بەشداریکردن لەم شەڕانەدا. ئاستێکی دیکەی گرینگ لەم پێوەندیەدا گرێدراوە بە ویست و بەرژەوەندی ئێلیتەکانی نێو ئەم وڵاتانە و ڕوانگەی ئەوان لەسەر کاریگەری ئابووری و سیاسی لەسەر ڕۆڵ و نفوزی خۆیان لە نێوخۆی ئەم وڵاتانەدا لە ئەگەری بەشداریکردن یان بەشداری نەکردنی شەڕ. بۆ نموونە لە تورکیە دەبینین کە سەرۆکی ئەو وڵاتە شەڕی سووریە و ئاڵۆزییەکانی مەنتەقە بەکاردێنێ بۆ بەهێزکردنی جێگای خۆی، لە ئێرانیش سپای پاسداران و ئاخوندەکان بە هەمان شێوە بەشداریکردنی ئەم شەڕانە بەکاردێنن بۆ بەهێزکردنی خۆیان و مانەوە لە دەسەڵات.

بە کورتی دەتوانین بڵێین کە هۆکاری سەرەکی ناسەقامگیری و شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا گرێدراوە بە بوونی فرە جەمسەری و نەبوونی هاوسەنگی هێز لە لایەک و ڕوانگە و ڕەقابەتی نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بەکارهێنانی ئەم شەڕ و ئاڵۆزیانە لە لایەن ئێلیتەکانی نێو وڵاتانی بەشدار بۆ پارستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و مانەوەیان لە دەسەڵات لە لایەکی دیکەوە.

**پ: ئەگەر سەیری هێزی نیزامی بکەین، ئامریکا و هاوپەیمانانی لە لایەنەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەهێزترن، کەچی ڕووسیە و ئێران بە براوەی شەڕەکانی ئەم دواییانە دەبیندرێن؛ هۆی ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

دیارە ئەم بۆچوونە زیاتر لە ڕای گشتی و ڕاگەیاندنەکاندا باس دەکرێ، بە کردەوە هێشتا ئەم پرسە بە تەواوەتی یەکلایی نەکراوەتەوە. ڕاستە، ئامریکا لە بواری نیزامییەوە لە هەموو وڵاتانی ناوچە و هەتا ڕوسیەش بەهێزترە، بەڵام سەرچاوەی ئەم بۆچوونە دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی ئامریکا بەرانبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوین. شەڕی ئامریکا لە ئەفغانستان و عێراق ئەزموونێکی یەکجار خراپ بووە و هیچ لەو ئامانجانە کە دیاری کرابوون لە لایەن ئامریکاوە وەدی نەهاتوون؛ نە توانیان کۆتایی بە تێروریزمی ئیسلامی بهێنن، نە توانیان ڕۆژهەڵاتی ناوین بەرەوە دێموکراتیزاسیۆن ببەن. ئەم ڕاستییە وای کردووە کە ئامریکا نە لە ئاستی نێوخۆی و نە لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی هەبێ بۆ ئەوە بە هێزی نیزامی کۆنترۆلی ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بکا. لە هەمان کاتدا لە ئاست سیاسی، لە ئیداری ئۆباماڕا بگرە تا ترامپ، گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆ بە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ڕێگای حوزوری بەرچاوی نیزامییەوە زەرەری زیاترە تا قازانج، هەر بۆیە هەوڵ دەدرێ زیاتر بە وەکالەت وحزور و بەرژەوەندی ئامریکا بپارێزرێ لە ناوچەکە؛ بەڵام وەکوو باسمان کرد، ئەم پرسە یەکلایی نەکراوەتەوە و ئیمکانی هەیە کە ئاڵوگۆڕ بەسەر سیاسەت و هەڵویستی ئامریکادا دروست ببێ، چوونکە بەرژەوەندی درێژخایەنی ئامریکا ئەوە ناخوازێ ڕۆژهەڵاتی ناوین تەحویلی ڕوسیە یان نەیارێک وەکوو ئێران بدرێ.

**پ: لە کاتێکدا تورکییە دراوسێی سووریەیە و دووهەمین ئەرتەشی ناتۆی هەیە، کەچی لە سووریەدا بە ئەندازەی ئێران شوێندانەر نەبووە. هۆیەکەی چییە؟**

هۆکاری ئەمە پێوەندی بە گەورەیی هێزی نیزامییەوە نییە، بەڵکوو پێوەندی بە ستراتێژی و تاکتیکی سیاسی و نیزامییەوەیە. لە سەرەتای شەڕی سووریەدا کۆماری ئیسلامی، بەپێچەوانەی توورکیە، توانی خۆی وەکوو نەیارێکی سەرەکی داعش نیشان بدا بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، هەر بۆیە هیچ ڕێگرییەک لە لایەن ئۆرووپاییەکان یان ئامریکاییەکان بۆ بەشداری ئێران لە سوریە دروست نەکرا و لەو ڕێگەوە ئێران توانی هەم هێز جێگیر بکا و هەم قەناعەت بە ڕووسیە بهێنێ کە پشتیوانی بەشار ئەسەد بکەن. ئێران لە یەکەم ڕۆژڕا فۆکووسی نیزامی و سیاسی تەنیا لەسەر مانەوەی بەشار ئەسەد دانا و هەموو پرسەکانی دیکەی وەکوو پرسی لاوەکی دانا، بەڵام توورکیە دوو هەڵەی گەورەی کرد، هەڵەی یەکەم ئەوە بوو کە زۆر بە ئاشکرا پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ لایەنە توندڕەوە ئیسلامییە سوونەکان کە دژی بەشار ئەسەد شەڕیان دەکرد دروست کرد و ڕێگەی دا هاتوچۆ لە خاکی توورکیە بکەن و ئەمە بوو بە هۆی ئەوەیکە ئامریکا خۆی لێ دوور بخاتەوە، هەڵەی دووهەم هەڵویستی توورکیە بەرانبەر بە ڕۆژئاوای کوردستانە و گرێدانی بەرژەوەندی و سیاسەت و هەڵویستەکانی لە سووریە بە پرسی کورد لەو وڵاتە. ئەمە وای کرد کە تورکیە تا ڕادەیەکی بەرچاو فۆکووس و وزە بخاتە سەر کورد و لە هەمان کاتدا هیچ لایەنێکی دۆستی بۆ نەمێنێ لە سووریە بێجگە لە ئیسلامییە توندڕەوەکان. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ئامریکا بە تایبەتی، بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو و نییە ڕێگە بدا کە ئەو لایەنانە کە تورکیە دۆستایەتیان دەکا، ببن بە ئەکتەرێکی کاریگەر؛ بەڵام بە پێچەوانەی تورکیا، ئێران، کە ئەویش نایهەوێ کورد لە سووریە هیچ ڕۆلێکیان هەبێ، گرینگی نەدا بە کورد چونکە پێیوایە کە ئەگەر بتوانێ وا بکا کە بەشار ئەسەد لە دەسەڵات بمێنێتەوە و سەقامگیری بگەڕێنێتەوە بۆ سووریە دەتوانێ لە دوارۆژدا ڕووبەڕووی کورد ببێ.

**پ: گرژی نێوان ئامریکا و ئێران ڕووی لە زیادبوون کردووە؛ پێشبینیت چییە بۆ داهاتووی پەیوەندی نێوان ئامریکا و ئێران؟**

ئەستەمە پێشبینی لەم پێوەندییەدا بکرێ، بەڵام من لەو باوەڕە نیم کە ئامریکا هێرشی نیزامی بکاتە سەر ئێران، و زۆربەی کەرەستەکانی دیکەی ئامریکا بۆ فشار خستنە سەر ئێران، وەکوو سەپاندنی گەمارۆ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، ڕێگری لێ دەکرێ لە لایەن ڕووسیە و چین لە شۆرای ئاسایش. هەر چەندە ئیدارەی ترامپ گوتاری توندتر بە دژی ئێران بەکار دەهێنێ، بەڵام پێم وانییە بە کردەوە هیچ کردارێکی جیددی بە دژی ئێران بکرێ لە داهاتویەکی نزیکدا. بەڵام ئەگەر هەلومەرجی ناوخۆیی ئێران بگۆڕدرێ و ئۆپۆزیسیۆن و خەڵک بە کردەوە دژی ڕێژیم بجولێنەوە یان ئێران هەڵەیەکی گەورە لە ناوچەکە بکات کە بەرژەوەندی ئامریکا ڕاستەوخۆ بخاتە مەترسییەوە، ئەو کات ئیمکانی هەیە ئامریکا بە کردەوە ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە.

**پ: پێشبینیت چییە بۆ ملمانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین؟**

زلهێزەکانی جیهان، بە تایبەت ڕوسیە و ئامریکا دەیانهەوێ پارسەنگێکی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوین پێکبهێنن کە سەقامگیر بێ و تێیدا بەرژەوەندی و نفوزی خۆیان پارێزراو بێ. ڕۆڵی ئامریکا و ڕوسیە چارەنووسساز دەبێ بۆ بارودۆخی داهاتووی ناوچەکە، ئەگەر یەک یان هەردوو لەم وڵاتانە گەرەنتی سەقامگیری و پارسەنگی هێز بدەن بە هاوپەیمان و دۆستەکانی خۆیان لە ناوچەکە ئەو کات ئیمکانی هەیە شێوەیەک لە سەقامگیری دروست بێ. بەڵام ئەگەر ئەم دوو وڵاتە هەوڵ بدەن لە ڕێگای هاوپەیمانەکانیانەوە لە ناوچەکە ئەو بۆشایی هێزە کە دروست بووە پڕ بکەنەوە و لایەنەکەی دیکە وەدەرنێن، پێشبینی ئاڵۆزی و ناسەقامگیری زیاتر دەکرێ. بەڵام زۆربەی وڵاتانی ناوچە بە شێوەی جیاواز خۆیان ئامادە دەکەن بۆ درێژەپێدانی ڕقابەتەکانیان، چوونکە زۆربەی گرفتە ئەسڵییەکان یەکلایی نەکراونەتەوە و لە ڕوانگەی وڵاتانی ناوچە هێشتا دەرفەت هەیە کە ئەو بۆشایی هێزە کە دروست بووە لە لایەن ئەوانەوە پڕ بکرێتەوە؛ هەر بۆیە ئیمکانی زۆرە بەربەرەکانێ و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە درێژەیان هەبێ و لە حاڵەتی جیاواز و بە شێوەی جیاواز شەڕ و ناسەقامگیری سەرهەڵدەداتەوە.

**زلهێزەکانی جیهان، بە تایبەت ڕوسیە و ئامریکا دەیانهەوێ پارسەنگێکی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوین پێکبهێنن کە سەقامگیر بێ و تێیدا بەرژەوەندی و نفوزی خۆیان پارێزراو بێ. ڕۆڵی ئامریکا و روسیە چارەنووسساز دەبێ بۆ بارودۆخی داهاتووی ناوچەکە**

**من لەو باوەڕە نیم کە ئامریکا هێرشی نیزامی بکاتە سەر ئێران، و زۆربەی کەرەستەکانی دیکەی ئامریکا بۆ فشار خستنە سەر ئێران، وەکوو سەپاندنی گەمارۆ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، ڕێگری لێ دەکرێ لە لایەن ڕووسیە و چین لە شۆرای ئاسایش**

# ڕۆژت پیرۆز



ڕێگات پیرۆز،
ڕەنگی خەون و
نیشانەکەی کڵگۆت
پیرۆز !
ڕۆژت پیرۆز،
شکۆی ناو و
خۆزگەی تۆڵەی خوێنت
پیرۆز !

فەرەیدوون ئەرشەدی

# وەرزی ڕاسان

که باران ئەباریٚ
یەکەم دڵۆپ و
که پاییز دیٚ
یەکەم گەڵا و
که خوێن ئەڕژیٚ
هەر یەکەم شەهید و
که ئازادیش دەنگی گڕ دەبیٚ
ئەوە دیسان هەر خۆمم یەکەم هاوار.
گەر من نەبم،
لاقێکی مێژوو ئەلەنگیٚ و
درەخت له ڕەگی خۆی ئەتۆریٚ و
چیرۆکی منداڵان هەتیو ئەبیٚ و
شاخ خۆی بێبەری ئەکا له لووتکه و
پێدەشت له میوانی هیچ بایەکی سەرەڕۆ کەروێشکه ناکا و
زەمەن له ڕۆژی نەهاتا
بەردەوام لەسەر خولەکی بێزاری دەحیلێنیٚ و
مێژوویش بەردەوام له بازنەی دووپات بوونەوە دەسووڕیٚ.
من دڵی نیشتمانێک له هەناومدا لێدەدا و
هەموو ئازارەکانی خزاوەته دەمارەکانمەوە و
ڕۆژ نییه تێل درووی سنوور برینێکم نەکولێنێتەوە و
پڕ نەبم له هاوار و
ڕۆژیش نییه شاباڵی قەسیدەیەک له جینسی تیشکی
ڕۆژهەڵات
نەرژێته چەکی دەستمەوە و
تاریکی نەکەمە ئامانج و
ڕووناکی نەگەڕێنمەوە بۆ نیشتمان.
من دەنگم ئەچێتەوە سەر ڕەگەزی ڕووبار،
هەنگاوم ئەچێتەوە سەر ڕەگەزی با و
ڕووانینم بەردەوام له ئاسۆدا دووگیان ئەبیٚ.
من له یەک کاتدا،
هەم شاخم و هەمیش شار،
هەم تفەنگم و هەمیش هاوار و
ڕۆیشتن له منەوە دەسپێدەکا و
هەم ڕێگام و هەمیش هەنگاو.
له ڕەنگەکاندا
خاکی پۆشێکی یاخیم و
به جامانەی دەور گەردەنم و
به قومقوومەی ناو قەدم
ڕێبواری ئازادیم و
له دەنگەکاندا
قاسپەی کەوێک له قورگمدا هێلانەی کردووە و
پێدەشت و چیا ڕادەژێنم.
من به کوێرە ڕێگاکاندا دەگەڕێمەوە و
جامانەی شەهیدێک دەکەمە ملی شار و
له گۆرەپانی قاسملوودا
لەگەڵ هەموو دایکانی شەهید، شایی دەگێڕین و منداڵەکان
فێر دەکەین بێژن:
لەوەتەی ڕۆحی دایکی شەهیدێکی گۆڕ غەریب
خزاوەته گیانمەوە
نه ئۆقره ئەگرم و
نه تینوێتیشم به خاک ئەشکیٚ و
له وەرزەکانیشدا، من وەرزی پێنجمم،
وەرزی گەڕانەوەی شاخ،
وەرزی قەرەسەقەڵ،
وەرزی کۆساڵان،
وەرزی ڕاسان.

هیوا میرزایی

# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan* ■ No:715 ■ 21 Dec.2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia




# ڕاسانییەکان
# ڕۆژتان پیرۆز

